کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

٤٩٣

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٩٣ – پوشپه ری – ژوئەنی ٢٠٢٦





## ڕاگەیاندنی هاوبەش

## بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی دەوڵەتە تیرۆریستەکان و ئەرکەکانی

## بەیاننامەی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی ئەمریکا و ڕژیمی ئیسلامی؛ بەرهەمی بنبەستی شەڕێکی کۆنەپەرستانە




## توندترکردنەوەی سەرکوت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان

## بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا و قووڵبوونەوەی ململانێی باڵەکانی نێو دەسەڵات لە ئێران

### سەروتار

## دانوستانەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا لەژێر سێبەری هەڕەشەکانی شەڕدا

لەژێر سێبەری هەڕەشەکانی جەنگ و بەردەوامی گرژییەکان، ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی جۆزەردان، یەکەمین خولی دانوستانە ٦٠ ڕۆژەییەکانی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی دوای واژۆکردنی لێکتێگەیشتننامەکە، لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، شاندی کۆماری ئیسلامی لە هەنگاوێکی شەرمنانە و بە مەبەستی چەواشەکاری وبۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی، خۆی لە دانیشتن لە تەنیشت شاندی ئەمریکایی لەبەردەم کامێرای ڕۆژنامەنووسان پاراست. بەڵام دوای ماوەیەک، گەڕایەوە بۆ کۆبوونەوەکە و دانیشتنەکە لەگەڵ شاندی ئەمریکایی بۆ ماوەی ٨٠ خولەک درێژەی کێشا و دواتر بە مەبەستی "ڕاوێژی ناوخۆیی" ڕاگیرا. میدیاکانی ڕژێم بۆ پاساوهێنانەوەی ڕاگرتنی گفتوگۆکان، ڕایانگەیاند کە ئەم دانیشتنە تەنیا بۆ خستنەڕووی خاڵەکانی پێشێلکردنی لێکتێگەیشتننامەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان بەڕێوە چووە. ئەم ژەستە نەشارەزایانەی دیپلۆماسی کاربەدەستانی ڕژێمی ئیسلامی لە کاتێکدایە کە لە دەقی لێکتێگەیشتننامەکەدا جەختی لێ کراوەتەوە، گفتوگۆکان لەسەر ١٤ بڕگەکە لە سبەینێی واژۆکردنییەوە بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ بەردەوام دەبێت

سەرباری گرژییە هەنووکەییەکان، قەتەر و پاکستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند، خولی یەکەمی دانوستانەکانی نێوان شاندەکانی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا لە کەشێکی «ئەرێنی و بونیادنەر»دا بەڕێوە چووە و هەردوولا لەسەر نەخشەڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتن. بەپێی ئەم بەیاننامەیە، دانوستانە تەکنیکییەکان تا کۆتایی هەفتە لە بۆرگن-ئەشتۆکی سویسرا بەردەوام دەبن. هەروەها میکانیزمێک بۆ بەدواداچوونی کۆتاییهێنان بە شەڕ لە لوبنان و هێڵێکی پەیوەندی بۆ مسۆگەرکردنی تێپەڕبوونی ئارامی کەشتییە بازرگانییەکان لە گەرووی هورمزەوە دروست دەکرێت

لە لایەکی دیکەوە، ترەمپ کە ڕۆژانە هەڵوێستەکانی دەگۆڕێت، بەدوای هەڕەشەکانی سوپای پاسداران سەبارەت بە داخستنی دووبارەی گەرووی هورمز، ڕۆژی یەکشەممە هاوکات لەگەڵ دانوستانەکان هەڕەشەی لە کۆماری ئیسلامی کرد کە: "ئەگەر ئەمریکا نەگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران، خۆی کۆنترۆڵی گەرووی هورمز دەگرێتە دەست و ئێرانیش دەداتە بەر پەلاماری قورسی سەربازی". ترەمپ هەروەها بە زمانێکی

سووکایەتی بەئێران کرد و هەڕەشەی لە شاندی دانوستانکاری کۆماری ئیسلامی کرد و وتی: "ئەگەر دایبخەن، ئیتر وڵاتێکتان نامێنێت". سوپای پاسداران کە لە ئێستادا دەسەڵاتی ڕەهای حکوومەتی ئیسلامیی لە چنگدایە، ڕۆژی شەممە ٣٠ی جۆزەردان ڕایگەیاندبوو کە بەهۆی پێشێلکارییەکانی ئاگربەست لە لوبنان و پابەندنەبوونی ئەمریکا بە برگەی یەکەمی ڕێککەوتنی کاتییەوە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، گەرووی هورمزی داخستووە و هیچ کەشتییەک مافی ئەوەی نییە بەبێ مۆڵەت بەوێدا تێپەڕ بێت

هەڕەشە و هەراوهوریای ترەمپ و سوپای پاسداران لە بەرامبەر یەکتردا لە کاتێکدایە کە نە ترەمپ توانیویەتی لە میانی دوو هێرشی سەربازیدا بۆ سەر ئێران بگاتە ئامانجەکانی خۆی، وە نە سوپای پاسدارانیش توانیویەتی ڕێگری بکات لە گورز و زیانە قورس و کوشندەکانی ئەمریکا بۆ سەر ژێرخان و ناوەندە ئەتۆمی و سەربازییەکان و کوشتنی ڕێبەر، گەورەبەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی و فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران و ئەرتەش. فەرماندەکانی سوپا تەنیا بە پشتبەستن بەوەی کە گوایە حکوومەتی ئیسلامی بەهۆی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە نەڕووخاوە، خۆیان بە "براوەی جەنگ" لە قەڵەم دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی بەهۆی قەیرانە کەڵەکەبووەکانەوە کە بوونەتە هۆی هەڵکشانی سامناکی هەڵاوسان و گرانی و هەژاری و برسییەتی لە نێو کۆمەڵگادا، کەوتووەتە بەردەم مەترسی تەقینەوەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتی و ناچار بە سازش و ملدان بە مێزی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا و قبووڵکردنی مەرجەکانی بووە. لەم ڕوانگەیەوە، بەرپرسان و باڵەکانی نێو ڕژێم هەرکامیان گێرانەوەی دڵخوازی خۆیان بۆ برگە باسەهەڵگرەکانی لێکتێگەیشتننامەکە هەیە و لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێکهەڵچوون، پەلاماری یەکتر دەدەن، یەکتر سەرزەنشت دەکەن و تەنانەت هەڕەشەش لە یەکتر دەکەن

باڵی توندڕەوی ئوسولگەراکانی ڕژێم و بەرەی پایەداری لە دژایەتیکردنی لێکتێگەیشتننامەکەدا، بە پێداگری لەسەر سیاسەتە کۆنەپەرستانە و ناوچەییەکانی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردنی حزبوڵڵای لوبنان، هەر لە سەرەتاوە لەو هەوڵەدا بوون کە شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵاش بخەنە نێو چوارچێوەی ئاگربەستی نێوان خۆیان و ئەمریکاوە. بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل ئەوەی قبووڵ نەکردووە و بە مەبەستی کۆسپخستنە بەردەم ڕەوتی پێشوەچوونی لێکتێگەیشتننامەکە، هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنییەوە پانتایی هێرشە سەربازییەکانی بۆ سەر حزبوڵڵا فراوانتر کردووە و ڕایگەیاندووە کە لە ناوچە داگیرکراوەکانی لوبنان پاشەکشە ناکات. ڕاگەیاندنی هەڵوێستێکی نارروونی نیسبەتدراو بە موجتەبا خامنەیی لە پەیوەندی لەگەڵ دانوستانەکاندا، بووەتە هۆی پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان باندەکانی دەسەڵات و هەوڵی زیاتری ئوسولگەرا توندڕەوەکان و بەرەی پایەداری بۆ کۆسپ نانەوە لەبەردەم ڕەوتی گفتوگۆکان

مەسعود پزیشکیان، سەرکۆماری ڕژێم، بە دانپیادانان بە ئیفلاسی ئابووری حکوومەتی ئیسلامی، سازش لەگەڵ ئەمریکا و دەستڕاگەیشتن بە دراو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە بە زەروورەتێکی ژیانی دەزانێت و سیاسەتی باڵی بەرامبەر بە هەڕەشەیەک بۆ سەر مانەوەی حکوومەتی ئیسلامی لە قەڵەم دەدات. ناوبراو ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی جۆزەردان لە وەڵامی ئەواندا دەرکاندی کە بۆ واژۆکردنی لێکتێگەیشتننامەکە، لە ئەنجومەنی باڵای ئاسایش بە ئامادەبوونی فەرماندەکانی سوپا و ئەرتەش، هەموومان پێکەوە بڕیارمان دا و هەمووان قبووڵیان کرد پێ بخەینە ئەم ڕێگەیەوە. پزیشکیان بە ئاشکرا نیگەرانی خۆی لە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی جەماوەری دژی حکوومەتی ئیسلامی دەربڕی و وتی: "ئەوەی لێی دەترسم ئەوەیە کە خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی دەرببڕن"

بێگومان لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، دەسەڵاتی کرداریی بڕیاردانە گەورە سیاسی و ئابوورییەکان نەک لە دەستی سەرکۆمار، بەڵکوو لە قۆرخی سەرکردایەتیی سوپای پاسداراندایە و ئەوان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەم بوارانەدا بڕیار دەدەن. سەربارى ئەوەش، لە هەلومەرجی ئێستادا تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکانی ڕژێم و هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆی سەر فرۆشتنی نەوتەوە پارەیەکیش بگاتە خەزێنەی حکوومەتی ئیسلامی، لە پلەی یەکەمدا خەرجی نۆژەنکردنەوە و پڕچەککردنی سوپای پاسداران و هێزە سەربازی و ئەمنییەکان دەکرێت، نەک بژێوی و ژیانی خەڵک. هەروەک چۆن بە دانپیادانانی خودی پزیشکیان تا ئێستاش هەر وا کراوە. ئەو وتی لە سەردەمی شەڕدا، ئێمە پشکی ٢٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی دەوڵەت و ئەو دراوە قورسەش کە لەبەردەستماندا بوو، دامان بە هێزی هەوافەزای سوپا و هێزە چەکدارەکان

ئەم بەخشینە زۆرەملێیەی پزیشکیان لەسەر حسابی بژێوی کرێکاران و توێژە چەوساوە و زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە کاتێکدایە کە بەپێی ئاماری ناوەندە دارایییەکانی خودی ڕژێم، ڕێژەی هەڵاوسانی گشتیی خاڵ بە خاڵ لە ئێراندا لە مانگی گوڵانی ئەمساڵدا نزیکەی ٨٤ لەسەد بووە. بێگومان شارەزایانی ئابووری ڕێژە ڕاستەقینەکەیان زۆر لەوە زیاتر خەمڵاندووە. هیممەتی، سەرۆکی گشتیی بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامیش جەختی لەوە کردەوە کە کەڵەکەبوونی کێشەکانی وەک شەڕ و گەمارۆکان، ئابووریی وڵاتی لەگەڵ ئاستەنگی جدی بەرەوڕوو کردووەتەوە و بژێوی و ژیانی خەڵک زیانی گەورەی بەرکەوتووە. لەبەر ئەوەی ترەمپ و بەرپرسانی دیکەی دەوڵەتەکەی ڕایانگەیاندووە کە هیچ پارەیەک بێمەرج بۆ کۆماری ئیسلامی ئازاد ناکرێت، هیچ ئاسۆیەک بۆ باشتربوونی دۆخی بژێویی خەڵک بەدی ناکرێت و چەقبەستوویی و قەیرانی ئابووری زیاتر و قووڵتر دەبێتەوە

بەم پێیە، مۆتەکەی پزیشکیان و سەرانی دیکەی ڕژێم، تەنیا بە پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و گەشەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی کارەساتباری بژێوی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبێتە ڕاستی، وە بێگومان پەرەپێدانی سەرکوت و لەسێدارەدان و گوشاری دەزگا ئەمنییەکان هەرگیز ناتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم ئەم ڕەوتە مێژووییەدا

***



## ڕاگەیاندنی هاوبەش
## بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی دەوڵەتە تیرۆریستەکان و ئەرکەکانی ئێمە

بنبەستی ئاگربەستی ناسەقامگیری نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە ڕۆژی ١٤ی ژوئەندا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و هەردوولا لەسەر لێکتێگەیشتننامەیەکی ١٤ خاڵی بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ گەیشتنە ڕێککەوتن

بنبەستی شەڕ بەهۆی کۆمەڵێک بەربەستەوە، هەردوولای ناچار کرد بێنە نێو پرۆسەیەکی لەم شێوەیەوە. لە لایەکەوە ئەمریکا و لەشکرکێشییە سەربازییەکەی لە ماوەی ٣٩ ڕۆژ شەڕدا نەیتوانی بگاتە ئامانجە دیاریکراوەکانی پێشووی، واتە تەسلیمکردنی کۆماری ئیسلامی. نە دامەزراوە ناوکییەکانی ڕژێم لەناو چوون، نە یۆرانیۆمی پیتێنراوی ٦٠٪ لە ئێران برایە دەرەوە، وە نە توانای مووشەکی کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانیشی، سەرەڕای ئەو گورزانەی بەریان کەوت، لەناو چوون. سەربارى ئەمانەش، داخستنی گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە کە هێندەی تر دۆخەکەی ئاڵۆز کردبوو، قەیرانێکی بەربڵاوی لە بەشێکی گەورەی ئابووریی جیهانیدا خوڵقاند. گوشاری ئەم دۆخە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر دەوڵەتی ئەمریکاوە هەبوو. سەرەڕای ئەوەش، درز و کەلێنی نێو دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی، لە ڕیزی ئەو گوشارانە بوون کە دۆناڵد ترامپیان ناچار بە وەرچەرخان بەرەو سازش و مامەڵەکردن و سەرەنجام قبووڵکردنی لێکتێگەیشتنێکی وا کرد. ڕوونە کە ئەمریکا و گەورەترین سوپای جیهان لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەدا، هەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی و هەم لە بەرەنگاربوونەوەی جەمسەرە ڕکابەرە جیهانییەکان، لانیکەم تا ئەم قۆناغە هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێناوە. ئەوەی لە لێکتێگەیشتننامەکەدا هاتووە، هەمان هەلومەرجی ناوچەکە و کەنداوی فارسە لەپێش دەستپێکی شەڕە ٣٩ ڕۆژەکەوە

لە لایەکی دیکەشەوە، گورزە سیاسی، سەربازی و ئابوورییەکان و درز و کەلێنی سەرەوەی دەسەڵات، کۆماری ئیسلامیشی ناچار کرد تا لە دروشمی «شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن» و تۆڵەسەندنەوەی خامنەیی پاشەکشە بکات و سەرەنجام لەگەڵ «شەیتانی گەورە»دا لێکتێگەیشتننامەیەک واژۆ بکات کە ئەگەر بێت و جێبەجێ بکرێت، کۆمەڵێک ئیمتیازی ئەمنی و ئابووریی بەرچاو بۆ کۆماری ئیسلامی لەخۆ دەگرێت

بەڵام لێکتێگەیشتننامە شەست ڕۆژەکە لەرزۆک و ناسەقامگیرە، چونکە خۆی بەرهەمی ئەو هەلومەرجە و ئەو هاوسەنگی هێزەیە کە پاش ٣٩ ڕۆژ شەڕ هاتووەتە ئاراوە و تێیدا لایەنەکان نەیانتوانیوە باڵادەستییەکی یەکلاکەرەوە بەسەر یەکتریدا مسۆگەر بکەن. لە ئەنجامدا، لەم ئاستەشدا ماهییەتێکی ناسەقامگیری هەیە. سەربارى ئەوەش، دەستی بۆ ڕەگ و ڕیشەی قەیرانە درێژخایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبردووە. ئەو لێکدانەوانەی کە بۆ هەندێک لە برگەکانی دەکرێن، دەتوانن ببنە هۆی ناکۆکی و هەڵوەشاندنەوەی سەرتاپای ڕێککەوتنەکە. بەم پێیە، خاڵی هاوسەنگی سەقامگیر

لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا و ئیسرائیلدا دروست ناکات. لە گەشبینانەترین حاڵەتدا، وێستگەیەکە لەسەر ڕێڕەوی بازنەی شەڕ و دانوستان لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا و ئیسرائیلدا. ئەم خاڵەش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت کە کۆماری ئیسلامی، کە شوناسە دژەئەمریکایی و دژەئیسرائیلییەکەی یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانەوەی، بەئاسانی ناتوانێت لە پاشەکشەیەکی گەورەدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوادا هاوڕا بێت

لە ئەگەری نهایی بوون و پەسەندکرانی ئەم لێکتێگەیشتنە لە ماوەی ٦٠ ڕۆژی داهاتوودا و بەدەستهێنانی پارە و ئیمتیازی دارایی بۆ کۆماری ئیسلامی، ڕوونە ڕژیمێک کە مانەوە لە دەسەڵاتدا بە هەر نرخێک ئەولەویەتی یەکەم و کۆتاییەتی، ئەو پارەیە بۆ چاککردنی بژێوی و خۆشگوزەرانی گشتی بەکار ناهێنێت؛ بەڵکوو هەروەک پێشوو تەرخانی دەکات بۆ پڕچەککردن و نۆژەنکردنەوەی هێزە سەرکوتگەرەکان و دامەزراوە خورافییەکانی و دەرفەتە داراییەکان لە پێناو ئەواندا خەرج دەکات. بەڵام سەرەنجامی ئەم لێکتێگەیشتنە بە هەر ئاراستەیەکدا بڕوات، خودی کۆتاییهاتنی شەڕ بۆ کۆمەڵگەی ئێران و ژیان و بژێوی پڕمەینەتی دەیان ملیۆن خەڵکی زەحمەتکێش کارێکی دڵخوازە و دەرفەتێکە بۆ بووژاندنەوەی بارودۆخی ئاسایی کۆمەڵگە و گرنگتر لەوەش، دەرفەتێک بۆ هەستانەوەی سەرلەنوێی بزووتنەوە ناڕەزاییەکان دەڕەخسێنێت

شەڕە ١٢ ڕۆژەکەی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٤ و بەتایبەتی شەڕە ٣٩ ڕۆژەکەی ئەم دواییە، جارێکی تر ڕیزی دۆستان و دوژمنانی لێک جیا کردەوە. نیشانی دا کە کۆمەڵگەی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا چ مەترسی و کۆسپێکی لە بەردەمدایە. ئاگرخۆشکەرانی شەڕ و لایەنگرانی بێشەرمی بۆمباران و مووشەکبارانی شار و کارگە و قوتابخانە و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک، شەرمەزارییەکی بێوێنەی خستە سەر مێژووە هەمیشەڕەشەکەیان. هارترین بەشیان، کە ڕەوتی سووپەرشۆڤێنیستی پاشایەتیخوازە، بۆ وێرانبوونی کۆمەڵگە و ڕژانی خوێنی منداڵانی قوتابخانەی میناب و بۆمبارانی زانکۆکان، نەخۆشخانەکان و ناوچەکانی نیشتەجێبوون، لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاوا دەستیان دایە سەمای سەرشەقام و خواردنەوەی شامپاین، و تفیشیان لە مرۆڤایەتی و بەرگریکردن لە کەرامەتی جیهانی سەردەمی هاوچەرخ کرد. بێگومان ئەوان تەنیا نەبوون. ڕیزی چاوەڕوانی بۆرژوازیی لایەنگری ڕۆژئاوا و بەشێکی بەرفراوان لە حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان، و لە سەروویانەوە هاوپەیمانی شەش ڕەوتی ناسیۆنالیستی لە کوردستان، بە هیوای بەرهەمداربوونی شەڕی تاوانکارانەی ئەمریکا و ئیسرائیل و «ڕژیم چەینج» لە سەرەوە، شاگەشکە بوون، بێئابڕووانە ئامادەی هاوپەیمانیی سەربازی بوون لەگەڵ سوپای دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا و بێشەرمانە لە ڕێگەی میدیا دژەکۆمەڵگە و شەڕخوازەکانەوە، بە پڕوپاگەندەکردن بۆ باشییەکانی شەڕ، بایەخ نەدانیان بە ئاسایش و پاراستنی گیان وماڵی دەیان ملیۆن مرۆڤ خستە ڕوو

لێکتێگەیشتننامەی ئەم دواییە، دوایین بزمارە لە تابووتی «ڕژیم چەینج» و مەرەخەسکردنی شەڕخوازانە تا کاتێکی نادیار لەلایەن ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاوە. یارمەتی ترامپ بۆ کۆماری ئیسلامی «لە ڕێگەدا» بوو، نەک بۆ کەسێکی تر! یەکێک لە بڕگەکانی ئەم لێکتێگەیشتننامەیە، لە ئەگەری پەسەندکردنیدا، دەستوەردان‌نەکردنی دەرەکییە لە کاروباری ناوخۆیی ئێراندا. باڵی شەڕخواز، لە ڕاستی پاشایەتیخوازەوە بگرە تا تەیفی میللییەکانی پرۆ-ڕۆژئاوا و ناسیۆنالیستەکان، دوای تێپەڕاندنی دڵەڕاوکێ و بێئومێدی و داماویی ئەم ڕۆژانەیان، دەبێت لە داهاتوودا لەبەردەم




خەڵکی ئێران و ویژدانە بێدار و مرۆڤدۆستەکاندا، وەڵامدەرەوەی سیاسەتە دژەگەلییەکانی خۆیان لەم قۆناغەدا و لە بەرامبەر کۆمەڵگەیەکی ٩٠ ملیۆنیدا بن. کۆمەڵگە و بزووتنەوەی هەقخوازانە سەرلەنوێ هەڵدەستێتەوە و ئابڕووی جووڵەی ئەم دواییەی شەڕخوازە بێشەرمەکان، لەپاڵ ئەو هێزە دژەخەڵکییانەی کە لەم قۆناغەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵگە قۆڵیان هەڵماڵیبوو، دەبات

کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەوەی هێشتاکە دەزگای حاکمیەتە تاوانکارانەکەی بەپێوە وەستاوە و نەڕووخاوە، خۆی بە براوەی شەڕەکە دادەنێت. بەڵام ڕوودانی شەڕ و هەلومەرجی شەڕ و بەم بیانووەوە توندکردنەوەی سەرکوت و لەسێدارەدان و زیندانیکردن، ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرەی ڕاستەقینەی شەڕی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دژ بە کۆماری ئیسلامی پەراوێز بخات. شەڕە ڕاستەقینەکە دووبارە لە هەمان شوێنەوە درێژەی پێدەدرێت کە پێش شەڕەکە بوونی هەبوو. ڕووبەڕووبوونەوەی کرێکاران و ئەو جەماوەرەی کە قین و بێزارییان لە کۆماری ئیسلامی هەیە، کۆنتر و ڕیشەییترە لە هەر شەڕێک. دژایەتی بەرامبەر بە بەڵای بێکاری و هەژاری و تەحەممولکردنی بژێوییەکی پڕمەینەت لە پاڵ نائەمنی و سەرکوتی هەر دەنگێکی ناڕازی، دووبارە دەبووژێتەوە. بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر سەرلەنوێ دێنەوە گۆڕەپان. لە گەرمەی هەر ئەم شەڕە وێرانکەرەشدا، دەنگی کرێکار و خوێندکار و ژنی یەکسانیخواز کپ نەبوو. مێژوو و دۆسیەی ڕژیمی دژەدیموکراتی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ملیۆنان خەڵکی خەباتکار و خوازیاری ڕووخاندا، بەم شەڕەی دوایی سپی ناکرێتەوە. ئەو جۆگە خوێنەی کەوتووەتە نێوان خەڵکی جەرگسووتاو و کۆمەڵگەی داخدار، بە پاساوی هێرشی دەرەکی و سیخوڕتاشین بۆ نەیارانی سیاسی، پڕ ناکرێتەوە. یەکلاکردنەوەی کۆتایی حیساباتی کۆمەڵگەی ئێران لە شەڕی ڕاستەقینەی دژ بە کۆماری ئیسلامی و ئامادەکردنی کۆمەڵگە بۆ گەڕاندنەوەی کەرامەت و مرۆڤایەتی بۆ نێو کۆمەڵگە، تەنیا بە ڕێڕەوی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت. ئەمەش ئەجێندا و دەستووری کاری چینی کرێکار و ڕیزی ئازادیخوازیی کۆمەڵگە و ئێمەی کۆمۆنیستەکانە

ئەمڕۆکە سەرباری شەپۆلی ملیۆنی بێکاری و هەژاری، گرانی و هەڵاوسان و سەختی بژێوی، هەڵاواردن و سەرکوت و لەسێدارەدان و دەیان مافی پێشێلکراوی تر، کۆتاییهاتنی شەڕ وێرانەیەکی بەدوای خۆیدا جێهێشتووە کە تاوانەکەی (باجەکەی) کەوتووەتە سەر شانی خەڵکێکی بێتاوان کە هیچ ڕۆڵێکیان لە پێکهێنانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەدا نەبووە. لە بەرامبەر نەهامەتییەکانی شەڕ دژ بە خەڵک، دەبێت ڕژیمی ئیسلامی ناچار بکرێت قەرەبووی زیانەکان بداتەوە و ئەم وێرانییانە چاک بکاتەوە. دەبێت ژیان و چارەسەری پزیشکی بریندارەکان و ئەو خێزانە بێتاوان و بێسەرپەرشتانەی بوونە قوربانی شەڕ، دابین بکرێت

و سەرەنجام بۆ درێژەدان بە خەبات دژ بە ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی، ئێمە لە سفرەوە دەست پێناکەین. ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مەزنانەی ساڵانی دوایی کە کۆماری ئیسلامییان تا لێواری ڕووخاندن پاشەکشە پێکرد، ئەزموونگەلێکی گەورەیان فێر کردووین کە دەبێت ببنە چرای ڕێنوێنی پێشڕەوییەکانی داهاتوومان. هەروەها هاوپشتی، ڕێکخستن و ڕێکخراوبوون، کە دەتوانێت ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ گۆڕانکاری و سەرکردایەتیکردنی خەباتی ڕەوای چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر. ئەمانە ئەڵقە کلیدییەکانی سەرکەوتنی خەباتی کۆمەڵگەن بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی

ئەمڕۆ چیتر سیاسەتی دژەخەڵکی و چاوەڕوانی بۆ «ڕژیم چەینج»، و مانەوە بە یارمەتی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ڕزگاربوون لە ڕژیمی دژەمرۆڤی کۆماری ئیسلامی، لە ئاستێکی بەرفراواندا داڕماوە و هاندەران و پڕوپاگەندەکارانی لە دۆخێکی سەرگەردانی سیاسیدا دەژین. دەبێت ئەم ئەزموونە بکرێتە هێزی متمانەبەخۆبوون و بڕوابوون بە خۆ و بە توانای جەماوەری ڕاپەڕیوو. داهاتووی کۆمەڵگەی ئێران و یەکلاکردنەوەی کۆتایی لەگەڵ ڕژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی، ئەرکی چینی کرێکاری ڕێکخراو و جەماوەری زەحمەتکێشە

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

**تەشکیلاتی کوردستانی ئیتحادی سۆسیالیستیی کرێکاری**

**کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ـ حیکمەتیست**

٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٥ ـ ٢٠ی ژوئەنی ٢٠٢٦

❊❊❊

### بەیاننامەی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی ئەمریکا و ڕژیمی ئیسلامی؛ بەرهەمی بنبەستی شەڕێکی کۆنەپەرستانە




لێکتێگەیشتنامە چواردە خاڵییەکەی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا، لەسەر بەستێنی شەڕ، وێرانکاری، گەمارۆ، نائارامی و ڕەنج و ئازاری ملیۆنان مرۆڤ لە ئێران و سەرتاسەری ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە. ئەم ڕێککەوتنە نە بەڵگەنامەی سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامییە و نە نیشاندەری بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلە. هیچ یەک لە لایەنەکان نەیانتوانی ئیرادەی خۆیان بەتەواوی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنن. کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پرۆژە ئەتۆمی و ناوچەییەکەی بکاتە دەسکەوتێکی یەکلاکەرەوە؛ ئەمریکا و ئیسرائیلیش نەیانتوانی ڕژیم بە چۆک دابێنن یان پرۆژەی "ڕژیم چەینج" (گۆڕینی ڕژیم لە سەرەوە) بگەیەننە ئەنجام. ئەم لێکتێگەیشتنە دووقۆڵییە، پێش هەر شتێک بەرهەمی بنبەستی سیاسەتی شەڕ، میلیتاریزم، ناکۆکییەکانی سەرمایەداری و تیرۆریزمی دەوڵەتییە لە ناوچەکەدا

ئێمەی کۆمۆنیستەکان هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی ئەم شەڕەوە ڕامانگەیاند کە ئەمە شەڕی خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو شەڕی بلۆک و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانە کە خەڵکی ناوچەکەیان کردۆتە بارمتەی ئامانجە سیاسی، سەربازی و ئابوورییەکانی خۆیان. ئێمە جەختمان لەوە کردەوە کە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کام لایەن باڵادەستی بەدەست دەهێنێت، درێژەکێشانی ئەم شەڕە تەنیا دەبێتە هۆی توندتربوونی کەشی ئەمنی، گورزلێدان لە مانگرتنەکان و خۆڕێکخستنی سەربەخۆ، لاوازکردنی خەباتی کرێکاران، ژنان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها پاشەکشەپێکردن بە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی ئالترناتیڤێکی ئازادیخوازانە و سۆسیالیستی. پێشهاتەکانی مانگەکانی ڕابردوو جارێکی تر سەلماندیان کە ئەم هەڵسەنگاندنە، هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانە و گونجاو بووە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرێکاران، زەحمەتکێشان و جەماوەری ئازادیخوازدا

ئێمە هەر لە سەرەتاوە خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و کۆتاییهێنان بە گەمارۆ ئابوورییەکان بووین. ئێمە هەمیشە پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووە کە گەمارۆی ئابووری ئامرازی ڕزگاری خەڵک نییە، بەڵکوو چەکێکە دژی ژیان و بژێویی کۆمەڵگا؛ هەژاری پەرە پێدەدات، نان و دەرمان گرانتر دەکات، بەها لە کرێ و حەقدەستەکان دەسێنێتەوە و هاوکات دەرفەت بە حکوومەتە سەرکوتگەرەکان دەدات کە بەرپرسیارێتی کارەساتە ئابوورییەکان بخەنە ئەستۆی "دوژمنی دەرەکی" و دەزگای سەرکوتی خۆیان تۆکمەتر بکەن

لەبەر ئەوەی ڕاگرتنی شەڕ و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی شەڕانگێزانەی کۆماری ئیسلامی، ئەمریکا و ئیسرائیل، داواکاریی کرێکاران، زەحمەتکێشان و بەشێکی بەرفراوانی کۆمەڵگای ئێران بوو؛ یەکێک لەو فاکتەرانەی کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار کرد ڕێڕەوی سازش لەگەڵ ئەمریکا بگرێتە بەر، ترس بوو لە مەترسی تەقینەوەی تووڕەیی جەماوەر و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان. کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بێ ئەوەی هیچ وەهمێکیان بە سیاسەتەکان و لێکتێگەیشتنامەی نێوان دەوڵەتەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی هەبێت، کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە، و کۆتاییهاتن بە کوشتار، وێرانکاری، ئاوارەیی و گەمارۆ ئابوورییەکان وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژیان و هاوپشتیی کۆمەڵایەتی، دەرفەتێک بۆ وانەوەرگرتن لە ئەزموونی ئەم شەڕە و دەستێوەردانی زلهێزە دەرەکییەکان، هەروەها هەلێک بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیان لە خەباتی دژی کۆماری ئیسلامیدا

بێگومان ئێمە لە هەمان کاتدا پێمان وایە کە واژۆکردنی یەکجاریی ئەم لێکتێگەیشتنامەیە و گۆڕینی بۆ ڕێککەوتنێکی جێگیر لە نێوان لایەنەکانی شەڕدا، گرێ دراوە بە بەرەوپێشچوونی دانوستانە شەست ڕۆژییەکان و کۆنترۆڵکردنی لایەنگرانی شەڕ لە هەر سێ لاوە – واتە دەوڵەتی ئیسرائیل، بەشێک لە باڵەکانی ڕژیمی ئێران و هەروەها ناوەندە زایۆنیست و شەڕخوازەکانی ئەمریکا. هەڵبەت ئەوەش لە ئارادایە کە سەرهەڵدانی بنبەست و ناکۆکی قووڵ لە نێوان لایەنەکانی لێکتێگەیشتنامەکەدا، جارێکی تر ببێتە هۆی درێژەکێشانی گرژییەکان، شەڕ، گەمارۆدان و سزای ئابووری

لەسەرێکی تریشەوە، ئەم لێکتێگەیشتنامەیە شکستێکی ئاشکرایە بۆ ئەو هێزانەی کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییان بە دەستێوەردانی سەربازی و شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە گرێ دابوو. پاشایەتیخوازە فاشیستەکان و ناسیۆنالیستە کوردەکان ("هاوپەیمانیی شەش لایەن")، تەواوی ستراتیژیی خۆیان لەسەر ئەو گریمانەیە داڕشتبوو کە شەڕ، بۆردومان و گوشاری دەرەکی، کۆماری ئیسلامی دادەڕمێنێت و ئەوان لەسەر کەلاوەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێتە دەسەڵات. کۆتاییهاتنی شەڕ و دەستپێکی ئەم قۆناغە لە ڕێککەوتنەکان نیشانیدا کە ئەم پرۆژەیەش گەیشتۆتە بنبەست. ئەوان نەک هەر ڕۆڵیان نەبوو لە دیاریکردنی چارەنووسی پێشهاتەکاندا، بەڵکوو تەنانەت وەک لایەنێکیش لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دانیان پێدا نەنرا. ستراتیژیی گەیشتن بە دەسەڵات لەسەر باڵی فڕۆکە بۆمباوێژە دەرەکییەکان، ستراتیژییەکی دژەخەڵکی و مەحکووم بە شکستە، کە ئێمە چەندین جار جەختمان لەسەر کردبووەوە

ئەزموونی دوو شەڕی کۆنەپەرستانەی ۱۲ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژە، جارێکی تر ئەوەی سەلماند کە نە سیاسەتی ڕیزبەستن لە پشتی کۆماری ئیسلامییەوە بەناوی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕێگایەک بەرەو ئازادی دەکاتەوە؛ و نە سیاسەتی دڵبەستن بە فڕۆکە بۆمباوێژەکان و پرۆژەی "ڕژیم چەینج" لە سەرەوە. سیاسەتی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان کە هەر لە سەرەتاوە شەڕەکەیان بە شەڕێکی کۆنەپەرستانە و دژەگەلی هەڵسەنگاند، و داوای ڕاگرتنی دەستبەجێیان کرد، و دژی گەمارۆ ئابوورییەکان وەستانەوە و پێداگرییان لەسەر پشتبەستنی کۆمەڵگا بە هەوڵەکانی بۆ خۆڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران کردەوە، ئەمڕۆ زیاتر لە ڕابردوو ئیعتیبار و حەقانیەتی خۆی سەلماندووە

شەڕ و کەشی ئەمنی گورزی لە خەباتە کۆمەڵایەتییەکان، مانگرتنە کرێکارییەکان، بزووتنەوەی ژنان و هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی ئالترناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە دا. بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک بە مانای شکستی کۆمەڵگا نییە. ململانێ و دژایەتییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگای ئێران هێشتا وەک خۆیان ماونەتەوە. ئەو کرێکارەی لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژی، بە واژۆکردنی ئەم لێکتێگەیشتنامەیە لە هەژاری ڕزگاری نابێت. ئەو ژنانەی دژی هەڵاواردن خەبات دەکەن، بەم ڕێککەوتنە ناگەنە یەکسانی. ئەو گەنجانەی هیچ داهاتوویەک بۆ خۆیان نابینن، بە ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتە شەڕانگێزەکان، نابنە خاوەنی داهاتوو. کۆماری ئیسلامی لە پرۆژەی گۆڕینی ڕژیم لە سەرەوە خۆی دەرباز کردووە، بەڵام لە ڕووخان لە خوارەوە و لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەربازی نەبووە

شەڕ وەستاوە، بەڵام خەباتە سەرەکییەکە تازە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە چینی کرێکار، ژنان، لاوان، مامۆستایان، خانەنشینان، خوێندکاران، پەرستاران و سەرجەم مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، هێزی خۆیان نوێ بکەنەوە، ڕێکخراوە سەربەخۆکانیان بەرفراوان بکەن، مانگرتن و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێبکەنەوە و جارێکی تر ئاڵای ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بکەنە چەقی سیاسەت لە کۆمەڵگادا

نابێت ڕێگە بدرێت ئەو هێزانەی کە دوێنێ خەڵکیان بانگەواز دەکرد بۆ مانەوە لە ژێر پێڵاوی کۆماری ئیسلامی بە ناوی "بەرگری لە نیشتمان"، یان ئەوانەی کە ڕووخانی ڕژێمیان گرێدابوو بە مووشەک و فڕۆکە بۆمباوێژەکانی ئەمریکا و

ئیسرائیلـەوە، جارێکـی تـر خۆیـان وەک ئالترناتیڤـی کۆمەڵـگا نیشـان بـدەن. دەبێـت هـەردوو جەمسـەرە شـەڕخوازەکە، چ پارێزەرانـی کۆمـاری ئیسلامـی و "میحـوەری موقاوەمـە"، چ پاشـایەتیخوازان و ناسیۆنالیسـتە کوردەکانـی "هاوپەیمانـی شـەش لایـەن" کـە تێـوەگلاوی پـرۆژەی گۆڕینـی ڕژیمـن لـە سـەرەوە، پەراوێـز بخرێـن

شـۆرای هاوکاریـی هێـزە چـەپ و کۆمۆنیسـتەکان، بانگـەوازی سـەرجەم هێـزە ئازادیخـواز، یەکسـانیخواز، کرێـکاری و سۆسیالیسـتەکان دەکات کـە بـۆ ڕێکخسـتنی قۆناغێکـی نـوێ لـە



خەبـات دژی کۆمـاری ئیسلامـی و سیسـتەمی سـەرمایەداریی حاکـم، بـۆ پەرەپێدانـی شـۆراکان و ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان، بـۆ ڕێکخسـتنی مانگرتنـە سەرتاسـەرییەکان و ناڕەزایەتییـە کۆمەڵایەتییـەکان، و لـە هەمـووی گرنـگتر بـۆ گەیاندنـە ئەنجامـی شۆڕشـی کۆمەڵایەتیـی خەڵکـی ئێـران، دەسـت بـەکار بـن

چارەنووسـی داهاتـووی کۆمەڵـگای ئێـران، هەرگیـز لـە ژووری دانوسـتانی زلهێـزە جیهانییـەکان، لـە سـەربازگەکانی سـوپای پاسـداران و لـە نووسـینگەی بانگەشـەکارانی پاشـایەتی و ناسـیۆنالیزمدا دیـاری ناکرێـت. ئـەم داهاتـووە تەنیـا و تەنیـا خەباتـی ڕێکخـراوی ملیۆنـان مرۆڤـی کرێـکار و ئازادیخـواز، بـە ئـاڵای ئـازادی، یەکسـانی، خۆشـگوزەرانی، سۆسـیالیزم و کۆتاییهێنـان بـە کۆمـاری ئیسلامـی دێتـەدی

**بڕووخێ نیزامی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی - بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٢١ی ژوەنی ٢٠٢٦

واژۆکان: ئیتحـادی سۆسیالیسـتی کارگـەری، حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران، حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێـکاری – حێکمەتیسـت، سـازمانی ڕاهـی کارگـەر، سـازمانی فەدائیـان (ئەقەلییـەت) و هەسـتەی ئەقەلییـەت

❋❋❋

# پیرۆز بێت ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە باسکی چەکداری ڕەوتی کۆمۆنیستی

مێـژووی شـکڵگرتن و خەباتـی ماندوویی‌نەناسـانەی هێـزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە ئاوێتـەی مێـژووی خەبـات و خۆڕاگـری و مێـژووی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی خەڵکـی کوردسـتان بـووە. ٤٧ سـاڵ لەمەوبـەر بناغـەی ئـەم هێـزە لـە هەلومەرجێکـدا داڕێـژرا کـە کۆمەڵگـەی ئێـران لەبـەردەم ئاڵوگۆڕێکـی مێژووییـدا بـوو. لـە لایەکـەوە کۆمەڵانـی خەڵکـی ئێـران بـە شۆڕشـێکی جەمـاوەری لـە چنـگ دیکتاتـۆری پاشـایەتی ڕزگاریـان ببـوو و فورسـەتی ئەوەیـان پەیـدا کردبـوو کـە نەفەسـێك بـە ئـازادی هەڵمـژن و لـە لایەکـی دیکەشـەوە مۆتەکـەی ڕژیمێکـی سـەرمایەداریی مەزهەبـی کـە تینـووی خوێنـی شـۆڕش بـوو و خـۆی بـۆ قۆرخکردنـی دەسـەڵات ئامـادە دەکـرد، کۆمەڵگـەی ئێرانـی داگرتبـوو. ڕەوتـی ئیسلامـی کـە ئەرکـی خنکاندنـی دەنگـی شۆڕشـی ئێرانـی وەئەسـتو گرتبـوو، لـە گۆشـە و کەنـاری ئێـران سـەرکوتی خەباتـی ئازادیخوازانـە و ڕزگاریبەخشـی خەڵکـی دەسـت پێکردبـوو. بـەڵام لـە کوردسـتان دۆخەکـە بـە جۆرێکـی تـر بـوو. لاوازبوونـی ڕەوتـی ئیسلامـی، نفـووزی بیروبۆچـوون و ڕێبـازی ئازادیخوازانـە و چەپـی ڕادیـکال و شۆڕشـگێڕانە لەنـاو خەڵکـدا و بوونـی حیزبـە سیاسـییەکان و بەتایبەتـی ئامادەبوونـی کۆمەڵـە، هەمـوو ئەمانـە هاوسـەنگییەکی جیـاوازی هێزیـان خوڵقاندبـوو. کرێکارانـی چەوسـاوە خوازیـاری ژیانـی باشـتر بـوون و بـۆ ڕێکخسـتنی ڕیزەکانـی خۆیـان تێدەکۆشـان. زەحمەتکێشـانی گونـدەکان کـە لـە کوتوبەنـدی پاشـماوەکانی سیسـتەمی دەرەبەگایەتـی ڕزگاریـان ببـوو، ژنانـی تینـووی ئـازادی و مافـی یەکسـانی، جەماوەرێـک کـە نەیاندەویسـت ئیتر بـاری قورسـی سـتەمی نەتەوایەتـی بەسـەر شـانیانەوە بێـت، هەمـووی ئـەو خواسـت و ئارەزووانـە لـە باڵای بزووتنەوەیەکـی موقاوەمەتـی جەماوەریـدا بەرجەسـتە ببـووەوە. بزووتنەوەیـەک کـە خـۆی بـۆ ڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێرشـی دژەشۆڕشـی تـازە بەدەسەڵاتگەیشـتوو ئامـادە دەکـرد

لـە سـەرەتاوە، کۆنەپارێزانـی ناوچـە و پـاشماوەی سیسـتەمی ڕزیـوی دەرەبەگایەتـی هەوڵیـان دا بـە پشـتبەستن بـە دەوڵەتـی مەرکـەزی، پێگـەی لەدەسـتچووی خۆیـان بەدەسـت بێننـەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە دارودەسـتەی چەکداریـان پێکهێنابـوو و هەڕەشـەیان لـە زەحمەتکێشـانی گونـدەکان دەکـرد. بـۆ پووچەڵکردنـەوەی ئـەو هەوڵانـە، کۆمەڵـە بانگـەوازی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی کـرد کـە لـە یەکێتیـی جوتیارانـدا خۆیـان ڕێـک بخـەن و چەکدارانـە لـە مافەکانـی خۆیـان دیفـاع بکـەن. هـاوکات لەگـەڵ نزیكبوونـەوەی کاتـی پەلامـاری سـەربازی ڕژێمـی ئیسلامـی بـۆ سـەر کوردسـتان، بنکەکانـی فێرگـەی سـەربازی کۆمەڵـە لـە باشـوور و باکـووری کوردسـتان بـۆ پەروەردەکردنـی کادرە سـەربازییەکان بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنی هێـزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە کرانـەوە. بڕبـڕەی پشـتی هێـزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە لـەو کادرانـە پێـك هـات کـە لـەم فێرگەیانـەدا پـەروەردە ببـوون. هێـزی یەکێتـی جووتیـاران بـە هیدایەتـی کۆمەڵـە، لـە مەریـوان، دیوانـدەرە، کامیـاران، سەردەشـت، بـۆکان و مەهابـاد، ئەرکـی خۆیـان بـۆ تێکشـکاندنی هەوڵـی دەرەبەگـە کۆنەپارێـزەکان سـەرکەوتووانە جێبەجـێ کـرد. زەوییـەکان بەسـەر جووتیارانـی هـەژار و زەحمەتکێشـانی گوندەکانـدا دابـەش کـران و دارودەسـتە چەکدارەکانـی ئاغـاکان هەڵوەشـانەوە

گوڕوتینـی ئـەو زەحمەتکێشـانەی کـە بەدەسـتی خۆیـان سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنابـوو و هیوایـان بـە داهاتوویەکـی ڕوون خواسـتبوو، ئامادەبوونـی ژنـان لـە گۆڕەپانـی خەباتـی




سیاسـیدا، هەوڵـی کرێـکاران بـۆ خۆڕێکخسـتنیان، پێکهاتنـی ناوەنـد و ئەنجومەنەکانـی مامۆسـتایان و خوێنـدکاران و ئـەو کەشـوهەوا سیاسـییە دیموکراتیکـەی کـە سەرتاسـەری کۆمەڵگـەی کوردسـتانی گرتبـووەوە، کوردسـتانی کـردە سـەنگەرێکی پتـەو بـۆ درێـژەدان بـە شۆڕشـی ئێـران. پەرەسـەندنی نفـووزی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـە و گەشـەکردنی تواناییەکانـی لـە کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتنی جەمـاوەردا، کـە لـە چەندیـن ڕووداوی مێژووییـدا وەك کۆچـی خەڵکـی مەریـوان، ڕێپێوانـە بـەربڵاوەکان بـەرەو شـاری مەریـوان بەمەبەسـتی پشـتیوانی لـە خەڵکـی ئـەم شـارە و مانگرتنـی گشـتیی یـەك مانگـەی خەڵکـی سـنە بـۆ دەرکردنـی سـوپای پاسـداران لـەم شـارە، خـۆی دەنوانـد

ئـەم پێشـهاتانە دەریاندەخسـت کـە کرێـکاران و زەحمەتکێشـان ئاسـۆیەکی دیکەیـان بـۆ داهاتـووی شۆڕشـی ئێـران خسـتووەتە بـەردەم کۆمەڵگـە، کـە ئەمـەش بـۆ ڕژێمـی ئیسلامـی بەدەسەڵاتگەیشـتوو تەحەمـول نەدەکـرا. هـەر بۆیـە ڕژێمـی دژەشۆڕشـی ئیسلامـی دوای ماوەیـەك فریـوکاری و کات کـوشتن، هەمـوو دەرگاکانـی گفتوگـۆ و دانوسـتانی داخسـت و دوای ئـەو تاوانـە قێـزەون و کۆمەڵکوژییـە کارەسـاتبارانەی لـە گوندەکانـی "قارنـێ و قەڵاتـان" و شـوێنەکانی تـردا ئەنجامـی دان، بـە فەرمانـی خومەینـی لـە ٢٨ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٥٨ی هەتاویـدا هێرشـێکی بـەربڵاوی بـۆ سـەر کوردسـتان دەسـت پێکـرد. کۆمەڵـە خەڵکـی کوردسـتانی بـۆ موقاوەمـەت لـە بەرامبـەر ئـەم هێرشـەدا لـە هەمـوو بوارەکانـدا بانگهێشـت کـرد. خەڵکـی کوردسـتانیش بـەدەم ئـەو بانگـەوازەوە چـوون و مێـژووی پـڕ لـە هـەوراز و نشـێو و پـڕ لـە دەرس و ئەزموونـی ٤٧ سـاڵی ڕابردوویـان دروسـت کـرد

هێـزی پیشـمەرگەی کۆمەڵـە، وەک باسـکی چەکـداری ڕەوتێکـی

کۆمۆنیستی، هەمیشە پێداگریی لەسەر ئاسۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش کردووە. شۆڕشێك کە هێزی بزوێنەری لە کرێکاران و زەحمەتکێشان پێک دێت. شۆڕشێکی لەم چەشنە نەک لە ئیرادەی ئێمەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای واقیعە بنەڕەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێت. ناکۆکییە چینایەتییەکان، نابەرابەری، هەڵاواردن، بێبەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکان، ڕێگریکردن لە ئازادبیرکردنەوە و ئازادژیان و هتد، ئەو هۆکارانەن کە کۆمەڵگەیەک بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەدەنێن. شۆڕش بە واتای گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کەمینەیەکی بچووکەوە بۆ زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی سەروەت و نیعمەتی کۆمەڵگە، و دەستپێکی گۆڕانکارییە بنەڕەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو دابینکردنی ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان و خۆشگوزەرانی گشتیدا

واقعییەت ئەوەیە کە شەڕ و خەباتی چەکداری بەهۆی پەلاماری هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامییەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندرا. خەڵکی کوردستان ئازادییان دەویست و چونکە سوور بوون لەسەر دیفاع لەو دەستکەوتە دیموکراتیکانەی کە لە ڕەوتی ڕووخاندنی ڕژێمی شادا بەدەستیان هێنابوو، ناچار بوون کە دەست بۆ چەک بەرن. دیفاع لەم ئازادییە، بە بێ گیانفیدایی مەیسەر نەبوو. ئەوان لە بەرامبەر هێرشی دژەشۆڕشی سەرمایەی ئیسلامیدا دەستیان بۆ چەک برد، ئازایانە شەڕیان کرد و لە حورمەتی ئینسانی خۆیان دیفاعیان کرد. کاتێک هێزەکانی ڕژێمیان پاشەکشە پێ کرد و کوردستانیان جارێکی تر لەژێر چنگی ڕژێمی سەرکوتگەر دەرهێنا، لە زۆر شوێنی کوردستان نموونەگەلێکی بەبایەخیان لە ژیانی ناو کەشێکی ئازاد و دیموکراتیک تەجروبە کرد. بە وەها ئاسۆیەکەوە و لە هەناوی پێشڕەویی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریدایە کە کۆمەڵە بە پشتبەستن بە کادر، سوننەت و ئەو توانایانەی کە لەناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا پەروەردەی کردوون، بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە، سەرلەنوێ هێزی پێشمەرگە لەناو جەماوەردا و بە پشتیوانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان ڕێکدەخاتەوە، بۆ ئاسانکردنی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی شارەکان تێدەکۆشێت و بەپێی توانای خۆی یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕێکخستن و پەروەردەکردنی هێزێکی چەکداری جەماوەری لەژێر فەرمانی کۆنگرەی سەرتاسەریی شوراکانی خەڵکی کوردستاندا

لە ٣١ی جۆزەرداندا و بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، یادی هاوڕێ "سەعید موعینی" یەکەمین پێشمەرگە و یەکەمین گیانبەختکردووی کۆمەڵە، کە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەری و ڕۆژی گیانبەختکردنی ئەو ناونراوە، و یادی هەزاران تێکۆشەری شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست کە لە مەیدانە جیاوازەکانی شەڕ دژی یەکێک لە دڕندەترین دیکتاتۆرییەکانی سەرمایەداریی سەردەم گیانیان بەخت کرد، بەرز ڕادەگرین و سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرز و خۆڕاگرەکانی ئەم ئازیزانە

❊❊❊

## کوبا لەژێر گوشاری گەمارۆی ئابووری و هەڕەشە سەربازییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا

ڕۆژێک دوای ئۆپەراسیۆنی یەکینە تایبەتەکانی سوپای ئەمریکا لە ڤێنیزوێلا و ڕفاندنی مادۆرۆ، ترەمپ لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە کوباش کێشەیە و باشترە تا درەنگ نەبووە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئەم دواییانە لە ١٩ی ژوەنی ٢٠٢٦، دۆناڵد ترەمپ لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی هەواڵیی "ئاکسیۆس" لە ئەمریکا هۆشداری دا کە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی چەخماخەاسا دژی کوبا، هاوشێوەی سیناریۆی ڤێنیزوێلا، هێشتا بژاردەیەکی کراوە یە و باسی لە ڕوانگەی خۆی بۆ پەرەپێدانی میلیتاریزم لە قارەی ئەمریکا لە میانی دووەم خولی سەرۆکایەتییەکەیدا کرد. ئەم لێدوانانە وەک درێژەی سزاکانی نوێی ئەمریکا دژی کۆمپانیای نەوتی دەوڵەتی کوبا و فەرمانی سەپاندنی باجی قورس بەسەر کاڵای ئەو وڵاتانەدا دێت کە نەوتی کوبا دابین دەکەن. ئەو سزایانەی کە گەمارۆی ئابووریی کوبایان لە ساڵی ٢٠٢٦دا توندتر کردووەتەوە. کوبا لە ناوچەی کاریب وەک ناوەندێکی ناتەبا لەگەڵ نەزمی دڵخوازی سەرمایەداریی ئیمپریالیستیی ئەمریکا سەیر دەکرێت؛ ناوەندێک کە دەوڵەتە نیۆفاشیستەکەی ترەمپ دەیەوێت بە توندترکردنی ئەڵقەی گەمارۆی ئابووری، شەڕی دەروونی و هەڕەشە سەربازییەکان کە ژیان و کار و بژێویی ڕۆژانەی ملیۆنان مرۆڤی خستووەتە ژێر گوشارەوە، لەپێناو بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەکانی خۆیدا چۆکی پێ دابدات

لە ڕوانگەی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە، ناوچەی کاریب و ئەمریکای لاتین هەمیشە وەک "حەوشەی پشتەوە" سەیر کراون؛ جوگرافیایەک کە دەبێت تیایدا دەوڵەتە ناتەبا و سەربەخۆکان دەستەمۆ بکرێن یان سزا بدرێن و بڕووخێنرێن. ترەمپ بە ئاماژەدان بە مۆدێلی ڤێنیزوێلا و بە بیانووی "ئاسانتربوون"ی هەنگاونان دژی کوبا لە ڕووی لۆجیستییەوە، زمانی ڕووتی هەمان سیاسەت بەکار دەهێنێت. تێکەڵکردنی گەمارۆی ئابووری و توندکردنەوەی سزاکان، هەڕەشە سەربازییەکان و لە کۆتاییدا ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی جەنگی، پێکهاتە جیاوازەکانی سیاسەتی ئیمپریالیستیی دەوڵەتی ئەمریکا پێکدەهێنن. لێرەدا مەسەلەکە تەنیا کوبا نییە. مەسەلەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا دەیەوێت نیشانی بدات هەر دەوڵەتێک لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا لە بازنەی نەزمی ئیمپریالیستیی دڵخوازی ئەمریکا دەربچێت، ڕووبەڕووی سزای فرەڕەهەند دەبێتەوە. ترەمپ ئەم هەڕەشانە هەم بۆ دارشتنەوە و نۆژەنکردنەوەی هێژمۆنییە ڕوو لە دارمانەکەی ئەمریکا لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا دەقۆزێتەوە و هۆشداری دەداتە دەوڵەتانی ناوچەکە کە باجی سەربەخۆیی سیاسی قورس دەبێت، هەمیش پەیامێک دەداتە پێگەی ڕاسترەوی توندئاژۆی بزووتنەوەی "ماگا" لە ناوخۆی ئەمریکادا کە پابەندی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنە. ترەمپ شێتانە و بە هەڕەشەوە باسی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوبا دەکات و بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، توندترکردنی ئەڵقەی گەمارۆ و شەڕی ئابووریی لەگەڵ هەڕەشەی سەربازیدا ئاوێتە کردووە

دەوڵەتی ترەمپ بە بلۆکەکردنی هاوردەی نەوت بۆ کوبا و توندترکردنی ئەڵقەی گەمارۆی ئابووری، ئەم وڵاتەی ڕووبەڕووی قەیرانێکی گشتگیر و بێپێشینە کردووەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوی نووسینگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، بلۆکەکردنی هاوردەی نەوت بۆ کوبا بووەتە هۆی کەمبوونی سووتەمەنی و زنجیرەی دابینکردنی خۆراک، گواستنەوە، سیستەمی ئاو، کارەبا و نەخۆشخانەکانی خستووەتە مەترسییەوە. کۆشکی سپی ڕایگەیاندووە کە ئەم هەنگاوانە، کە لە ڕاستیدا شەڕێکی ئابووری و کۆمەڵکوژییەکی بێدەنگە، "بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکا گیراونەتەبەر". دوایین ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە کوبا لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٦دا ڕووبەڕووی کەمبوونی زۆر و کارەساتباری خۆراک، سووتەمەنی و دەرمان، پچڕانی بەربڵاوی کارەبا و پاشەکشەی پیشەسازیی گەشتیاری بووەتەوە. ئەم دۆخە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی یەکتربڕینی گوشاری گەمارۆی ئابووریی دەوڵەتی ئەمریکا و بەربەستە ناوخۆییەکانی ئابوورییەکی گەمارۆدراوە کە مەیدانی مانۆڕەکەی کەوتووەتە ژێر گوشاری سەرمایەداریی جیهانییەوە. کاتێک گەمارۆی ئابووری دەبێتە هۆی لاوازبوون و وێرانکردنی ژیانی ڕۆژانە، سیاسەتی ئیمپریالیستی هەوڵ دەدات نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی ناسەقامگیرکردنی سیاسی لە ڕاستای ئامانجەکانی خۆیدا بەکار بهێنێت

لە ٤ی ژوەنی ٢٠٢٦دا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێک سزای بەسەر میگێل دیاز کانێل، سەرۆک کۆماری کوبا و چەند کەس و دامەزراوەیەکی سەر بە ئەودا سەپاند. ئەم سزایانە نیشانی دەدەن کە دەوڵەتی ئەمریکا، بەکردەوە چۆتە ناو هاوکێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی کوباوە. ترەمپ گوتوویەتی پێی باشە گواستنەوەی دەسەڵات لە کوبا "ئاشتیانە" بێت، بەڵام ئەم دەستەواژەیە لە دەمی هێزێکی ئیمپریالیستییەوە مانایەکی دووفاقی هەیە؛ ئەو ئاشتییەی کە لە دەرەوە فەرز دەکرێت، هیچ مانایەکی نییە جگە لە تەسلیمبوونی سیاسی. ئەو لەلایەکەوە بژاردەی هێرشکردن بە کراوەیی دەهێڵێتەوە و لەلایەکی تریشەوە، بە زمانی "دانوستان" و "گواستنەوەی ئاشتیانە"، هەوڵ دەدات دەستێوەردانەکە بە مەعقووڵ و قبووڵکراو نیشان بدات. ئەمە هەمان ڕوخساری کلاسیکی دیپلۆماسیی ئیمپریالیستییە، واتە گوپاڵ بە دەست و زەردەخەنە لەسەر لێو

لە بەرامبەردا، دیاز کانێل، سەرۆک کۆماری کوبا هۆشداری دا کە هەرچەشنە هێرشێکی ئەمریکا ڕووبەڕووی بەرخۆدان دەبێتەوە و هاڤانا بەرگری لە خۆی دەکات. بەڵام هاوکات لەگەڵ توندبوونەوەی گوشارەکانی ئەمریکا، پەرلەمانی کوبا لە ١٨ی ژوەنی ٢٠٢٦دا پاکێجێکی بەرفراوانی لە چاکسازییە ئابوورییەکانی بنەمابەند لەسەر بازاڕ پەسەند کرد. چاکسازیگەلێک کە ڕێگە بە دامەزراندن و چالاکیی بانکە تایبەتەکان و هاتنەناوەوەی سەرمایەی بیانی و وەبەرهێنان لە زۆر بواردا لەسەر بنەمای مۆدێلی ئابووریی بازاڕی

ئازاد دەدات. ئەم چاکسازییانە لەژێر گوشاری قەیرانە ئابوورییەکاندا، تێکەڵەیەک لە ترس و هیوا و گومانی لەنێو خەڵکی کوبادا دروست کردووە. چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی کوبا لە ئەزموونەوە تێگەیشتوون کە لە سایەی حوکمڕانی پەیوەندییەکی سەرمایەداریی مەرکەزیی دەوڵەتی و پێکهاتەیەکی زۆر بیرۆکراتیک و بنەمابەند بە سیستەمی تاکحزبیدا، ئەم جۆرە چاکسازییانە پێش ئەوەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەبەرچاو بگرن، بەرژەوەندی توێژەکانی چینی دەسەڵاتدار و بیرۆکراسی دەوڵەتی دابین دەکەن. ئەوەی دەوڵەت و پێکهاتەی دەسەڵات وەک سۆسیالیزم لە کوبادا پێشکەشی دەکەن، لە ڕاستیدا تەنیا کۆنترۆڵی دەوڵەتییە بەسەر کەلێنی نێوان هەژاری و ساماندا و سوودمەندبوونی خەڵکە لە کەمترین خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مانەوە لە ژیاندا، دەنا چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش هیچ ڕۆڵێکیان لە کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کۆمەڵگە و داڕشتنی پلانە گەورە ئابووری و سیاسییەکاندا نییە

لە کاتێکدا کە چینی کرێکار و خەڵکی ئەمڕۆی کوبا، بە هۆی حوکمڕانیی پەیوەندییە زاڵەکان و زیاتر لە شەش دەیە گەمارۆی ئابووری و لێکەوتەکانی جەنگی ساردەوە کەوتوونەتە ژێر گوشاری هەژاری و نەهامەتیی ئابووری و بێبەشبوونەوە، نەوەکانی پێشوو دوای ڕووخاندنی دیکتاتۆریی باتیستا لە ساڵی ١٩٥٩، سەرباری گەمارۆی ئابووریی ئەم وڵاتە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە لە سەرانسەری جیهان، سیستەمێکی پێشکەوتووی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان لە بوارەکانی دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی و نیشتەجێبوون لەم وڵاتەدا جێبەجێ کرد. سیستەمی تەندروستی و چارەسەری پزیشکی لە کوبا، سەرباری کەموکوڕییەکان، لەگەڵ پێوەرە گونجاوەکاندا هاوتای پێشکەوتووترین سیستەمەکانی جیهان بوو. ڕێژەی مەرگی منداڵانیان گەیاندە نزمترین ئاست لە جیهاندا. لەم وڵاتەدا نەخوێندەوارییان بنەبڕ کرد و ئەو دەرفەتەیان ڕەخساند کە هاووڵاتیان دەستیان بە خوێندنی بێبەرامبەر و پەروەردەی باڵا بگات. ئەگەر ئەمریکا بە ڕێکخەر و داڕێژەری کودەتا و خەڵتانیخوێنکردنی هەر بزووتنەوە و دەنگێکی ئازادیخوازانە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا ناوبانگی دەرکردبێت، ئەوا کوبای گەمارۆدراو بە توانا سنووردارەکانییەوە خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتین هەناردە دەکرد

چینی کرێکار و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە کوبا، بە پشتبەستن بەم پاشخانە مێژووییە، دەتوانن ببنە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ ئاڵنگاریی پێکهاتەی سیاسی و چینایەتیی دەسەڵاتدار و خەبات دژی گەمارۆی ئابووری و هەڕەشە جەنگییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا. بەبێ پێداگری لەسەر ڕێکخستنی چینایەتی و دەسەڵاتگرتنی سەربەخۆی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کۆمەڵگەدا، ڕزگاری یەکجاری ئیمکانی نییە. چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی کوبا تەنیا بە ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیان دەتوانن ئەم قەیرانە بکەنە دەرفەتێک بۆ پێشڕەوی و زاڵبوون بەسەر ئەم نەهامەتییانەدا. نابێت ڕێگە بدرێت داهاتووی ئەم دوورگەیە لەژێر سێبەری گوشاری گەمارۆی ئابووری و هەڕەشە جەنگییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و مامەڵە و سازشە فەرزکراوەکانی سەرەوەدا دیاری بکرێت. ڕێکخستنی بزووتنەوەی چینایەتیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی کوبا و ڕۆڵگێڕانی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان دەتوانێت ئەم ئاراستەیە بگۆڕێت

چینی کرێکار و خەڵکی کوبا بۆ ڕزگاربوون لە لێکەوتە وێرانکەرەکانی گەمارۆی ئابووری و هەڕەشە جەنگییەکان و مەترسیی دەستێوەردانی سەربازیی دەوڵەتی ئەمریکا، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستیان بە هاوپشتیی نێونەتەوەیی هەیە. بزووتنەوەی هاوپشتیی جیهانی لەگەڵ خەڵکی کوبا و دژی هەڕەشە سەربازییەکان و دەستێوەردانی ئەمریکا و بۆ کۆتاییهێنان بە گەمارۆی ئابووری، دەتوانێت هاوسەنگی هێز بگۆڕێت و دەوڵەتی ئەمریکا بخاتە ژێر گوشاری نێودەوڵەتییەوە

***




# ڕێککەوتنی دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی به واتای کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ نییە

بە گەیشتنی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە چوارچێوەی لێکتێگەیشتنێک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی ژوئەندا، ڕەوتی درێژخایەن و پڕگرژی "نە شەڕ و نە ئاشتی" پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، بڕیارە ئەم لێکتێگەیشتنە ڕۆژی هەینی لەلایەن هەردوو لایەنی سەرەکی شەڕەکەوە واژۆ بکرێت. ئەگەرچی هێشتا دەقی ئەم لێکتێگەیشتنە بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە ئاگادارەکان، لەسەر بنەمای بڕگەکانیدا، لە هەنگاوی یەکەمدا گەرووی هورمز بە ڕووی کەشتییەکاندا دەکرێتەوە و کۆتایی بە گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی باشووری ئێران لەلایەن ئەمریکاوە دەهێنرێت. ئەم لێکتێگەیشتنە ئەگەرچی هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەرچوون لە دۆخی جەنگی و تێپەڕین لە بەرزەخی "نە شەڕ و نە ئاشتی"، بەڵام هێشتا بە واتای کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ نییە

گرنگترین گرێکانی ئەو دانوستانەی کە بڕیارە لە ماوەی ٦٠ ڕۆژی داهاتوودا بەڕێوە بچێت، بریتین لە: یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی دۆسیەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی و بردنەدەرەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراوی سەدا ٦٠، چۆنیەتی و ڕەوتی کۆتاییهێنان بە گەمارۆ ئابوورییەکان و ئازادکردنی پارە بلۆکەکراوەکانی ئێران، چارەنووسی هێزەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت" و کۆتاییهێنان بە شەڕ و داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل لە لوبنان. لە ڕاستیدا ئەو بەڵگەنامەیەی کە دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەسەری ڕێککەوتوون، زیاتر سەرنجی خستووەتە سەر کردنەوەی ڕێڕەوەکانی نەوت و گاز بە ڕووی بازاڕەکانی جیهاندا، ئەگەرچی دەرگای دانوستان و گفتوگۆی لەسەر خاڵە ناکۆکەکان کردووەتەوە، بەڵام گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی مسۆگەر ناکات. لەبەر ئەم هۆکارە، دانوستانێکی ئاڵۆز و سەخت لە ئارادایە؛ هەردوو لایەنی شەڕ هەوڵ دەدەن ئەوەی لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا دەستیان نەکەوتووە، لەسەر مێزی دانوستان بەدەستی بهێنن

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل ئەم لێکتێگەیشتنە بە تەبا لەگەڵ ئامانجە جەنگی و ستراتیژییە ناوچەییەکانی خۆی نازانێت، بێگومان لە ڕێگەی ئەو نفوزەی کە لەسەر پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتداری ئەمریکا هەیەتی، درێژە بە کارشکێنییەکانی خۆی لە ڕەوتی دانوستانەکاندا دەدات. لە ئێرانیشدا، ئەگەرچی کادری سەرکردایەتی سوپای پاسداران بە هەماهەنگی لەگەڵ موجتەبا خامنەیی و بە هاوڕێکردنی حکومەت و مەجلیس، لە پێناو مسۆگەرکردنی مانەوەی ڕژێمی ئیسلامی ڕێگەی سازش و لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا گرتووەتە بەر، بەڵام باڵی پایداری و بەشێک لە ئوسولگەرا توندڕەوەکان هێشتا تەپڵی شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لێدەدەن و لە هیچ هەوڵێک بۆ تێکدانی ڕەوتی دانوستانەکان درێغی ناکەن. کەواتە، سەرەڕای گەیشتن

بەم لێکتێکەیشتنە، نابێت مەترسی سەرهەڵدانەوەی گرژییە سەربازییەکان و شەڕ لەبەرچاو نەگیرێت

ئەم لێکتێگەیشتنە لە هەلومەرجێکدا واژۆ دەکرێت، کە دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانیان لەم شەڕەدا ناکام ماونەتەوە. دەوڵەتی ترامپ بە شوێنکەوتنی  ناتانیاهۆ و دەزگای ئەمنیی مۆساد و بەو خەیاڵەی کە بە کوشتنی خامنەیی و پۆلێک لە فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی هەرەس دەهێنێت، کاتی هەڵگیرسانی شەڕەکەی هێنایە پێشەوە. بەڵام دەوڵەتی ترامپ بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی، نەگەیشتە هیچ کام لەو ئامانجانەی کە ڕایگەیاندبوون، لەوانە: گۆڕینی ڕژێم لە سەرەوە، سنووردارکردنی توانای مووشەکە بالیستییەکان، هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و بردنەدەرەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراوی سەدا شەست، و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و گاز و ڕێڕەوە ئاوییە ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم شەڕە نە تەنها نەیتوانی زلهێزی و قودرەتنمایی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا نیشان بدات، و هەژمۆنی ڕوو لە لاوازبوونی ئەمریکا لە بەرامبەر چیندا نۆژەن بکاتەوە، بەڵکوو لاوازی، سنوورداربوون و سەرلێشێواوی ستراتیژی ئەمریکای زیاتر لە جاران دەرخست. دەوڵەتی ترامپ تەنانەت لە دەرهاویشتە پێشبینیکراوەکانی داخستنی گەرووی هورمز و هەروەها هێرشە مووشەکییەکانی ڕژێمی ئیسلامی بۆ سەر دامەزراوەکانی دەرهێنانی نەوت و گاز لە وڵاتانی کەنداو، بە تەواوی تووشی شۆک بوو. کابینەکەی ترامپ ناچار بوون بۆ لایەنگرانی خۆیان ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی نرخی نەوت بەرز بووەتەوە و ملیاردها دۆلار لە پارەی باجدەران بووەتە تێچووی ئەم شەڕە ئارەزوومەندانەیە. ئەمریکا لەم شەڕەدا نەیتوانی دەوڵەتانی ئەورووپا و تەنانەت ئەندامانی پەیمانی ناتۆش لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات. ئەم شەڕە پێگەی چینی لە بەرامبەر ئەمریکا لە ململانێ سیاسی و جیۆپۆلەتیکییەکاندا بەهێزتر کرد

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم شەڕە سەرباری ئەم ناکامییانە، بۆ چینی دەسەڵاتداری ئەمریکا و ئەو ملیاردێرانەی کە لە دەوری ترامپن زۆر پڕقازانج بووە. خودی ترامپ زیاتر لە سەرجەم سەرۆککۆمارەکانی پێشوو، لە پۆستی سەرۆکایەتی قازانجی کەسیی بردووە و لە سەردەمی مانەوەی لە دەسەڵاتدا سامانەکەی بە بەهای ملیاردها دۆلار زیادی کردووە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، دەوڵەمەندترین ٥٠٠ کەسی جیهان تەنها لە یەک ڕۆژدا، ڕێک لەو کاتەی کە ترامپ ئێرانی هەڕەشەی  جینۆساید و لەناوبردنی شارستانییەتەکەی  لێکرد و پاشان لەناکاو هەڵوێستی گۆڕی و بە ئاگربەست ڕازی بوو، ٢٥٠ ملیار دۆلار قازانجیان بەدەستهێنا. ئەم شەڕە بۆ بەرهەمهێنەرانی چەک، کۆمپانیاکان و پیشەسازییە بەرگرییەکان کە بەرژەوەندییەکانیان بە پیشەسازی شەڕەوە گرێ دراوە، لە ڕادەبەدەر پڕقازانج بووە. بۆ نموونە، لە کاتێکدا وڵاتانی کەنداو بەهۆی ئەو شەڕەی سەرۆککۆماری ئەمریکا هەڵیگیرساندبوو، کەوتبوونە ژێر هێرشی مووشەک و درۆنەکانی ڕژێمی ئیسلامییەوە، ئەو کۆمپانیایەی لەلایەن کوڕەکانی ترامپەوە پاڵپشتی دەکرا، خەریکی فرۆشتنی سیستەمی بەرپەرچدانەوەی درۆن بە  ئەو وڵاتانە بوو

سەران و کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، کە ئامانجی سیاسی خۆیان لەم شەڕەدا بە پاراستن و مانەوەی نیزامی ئیسلامی پێناسە کردبوو، گەیشتن بەم لێکتێگەیشتنەی ئێستا وەک سەرکەوتنی یەکجاری خۆیان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەرچەندە لەم شەڕەدا قەوارە و بوونی خۆی پاراست، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕەکە ئاستەنگە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامیی زیاتر ئاشکرا کرد. ئەم شەڕە جارێکی تر سەلماندی کە پڕۆژە ئەتۆمییەکان و پاڵپشتییە داراییەکان و پڕچەککردنی هێزەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت" لە ناوچەکەدا، سەرباری ئەو تێچووە لەڕادەبەدەر قورسانەی کە بەسەر خەڵکی ئێران و بەتایبەتی بەسەر چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگادا سەپاندوویەتی، نەیتوانیوە هێزی بەرگریکردنی پێویست بە خودی ڕژێمی ئیسلامی ببەخشێت؛ بەجۆرێک کە لە دوو شەڕی دواییدا چەندین ئاست لە سەرکردە و فەرماندەکانی لەدەست داوە. تەنانەت نائارامکردن و کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمز، کە لەم قۆناغەدا وەک ئامرازێکی گوشاری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکادا کاری دەکرد، لە ماوەی مامناوەند و بە بەردەوامبوونی گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی باشووری ئێران و تێکدانی هەناردەی نەوت و هاوردەی کاڵا پێویستەکان، دەتوانێت وەک شمشێرێکی دوودەم کار بکات. سەرجەمی ئەم فاکتەرانە و هەروەها پێشهاتەکانی غەززە، ڕەوتی چەککردنی حیزبوڵڵا لە لوبنان، خستنەژێرگوشاری حەشدی شەعبی بۆ تێکەڵبوون بە سوپای عێراق و هتد... دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و کۆماری ئیسلامی وەک گرنگترین مۆڵگەی ئەم بزووتنەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەم وەک مۆدێلێکی فەرمانڕەوایی و هەم وەک مۆدێلی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەت و هەژمۆنی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، قۆناغەکەی بەسەر چووە

بەڵام سەرەڕای ئیدیعاکانی سەرانی کۆماری ئیسلامی و لێدانی دەهۆڵی سەرکەوتن، دەرهاویشتەی ئەم شەڕە و ئەو کوشتار و زەبرە قورسانەی کە بەر کۆماری ئیسلامی کەوتوون، توندبوونەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان و هەروەها شوێنەوارە نەگۆڕەکانی کۆمەڵکوژییە سامناکەکەی ناڕازییان لە ڕەوتی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانباردا، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و تەشەنەسەندنی بێکاری و هەڵاوسان و گرانی بێسنوور و بێتوانایی ڕژێم لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک، قەیرانە ناوخۆییەکانی ڕژێمی هێندەی تر پەرەپێداوە و هیچ بەدوور نییە لە داهاتوودا ببینە شایەتحاڵی پاکتاوکردنە خوێناوییە ناوخۆییەکان لەلایەن باڵی سوپای پاسدارانەوە. ڕژێمێک کە ئابوورییەکەی لەژێر گوشاری قووڵبوونەوەی قەیرانە پێکهاتەییەکان، گەندەڵیی دامەزراوەیی، توندبوونەوەی گەمارۆکان و دۆخی جەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا لە لێواری دارماندایە، لە دوای کۆتاییهاتنی یەکجاری شەڕیشدا، دەکەوێتە ژێر باری قورسی تێچووی ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکانی شەڕ و بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکانی کرێکاران و خەڵکی ناڕازی. سەرجەمی ئەم فاکتەر و هۆکارانە، قەڵەشتی نێوان کۆماری ئیسلامی لەگەڵ جەماوەر و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر دەکەنەوە و قەیرانی ڕەوایی سیاسی ڕژێم هێندەی تر پەرەپێدەدەن

لەم سۆنگەیەوە کە قۆناغی پاش شەڕ، قۆناغی قووڵبوونەوەی ململانێ و خەباتی چینایەتییە، کرێکاران و جەماوەری ئازادیخوازی ئێران لە بەرامبەر پەلاماری دەوڵەت و ڕێبازە فاشیزمییەکەی سوپای پاسداران دەستەوسان ناوەستن. ڕاستە کە ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە، بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی تری پەراوێز خست، وە توێژێک لە چینی ناوەڕاست کە لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازیدا، هیوایان بە ڕووخانی ڕژێم لە ڕێگەی دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانەوە گرێ دابوو، تووشی جۆرێک لە بێئومێدی و سەرلێشێواوی بوون، بەڵام مەسەلە یەکلاکەرەوەکە ئەوەیە کە چینی کرێکاری ئێران لە جەرگەی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکاندا، بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، گەیشتووەتە ئاستێک لە هۆشیاری، ئەزموونی کردەیی و توانای ڕێکخراوەیی کە سەرەڕای بوونی شەڕیش، ئەم دەستکەوتانە لەناو نەچوون. چینی کرێکار بە پشتبەستن بەم ئەزموون و دەستکەوتانە، بە ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی خۆی، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا

❊❊❊



گۆڤاری پێشڕەو
دەوری سێهەم – ژمارە ٤٩٣ – پوشپەڕی – ژوئەنی ٢٠٢٦


# توندترکردنەوەی سەرکوت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان

لە هەلومەرجێکدا کە بە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنامەی ئەم دواییە، ئەگەری کۆتاییهاتنی یەکجاری شەڕی نێوان حکوومەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی زیاتر بووە، ڕژێمی ئیسلامی بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانی قووڵی ئابووری و ڕەهەندەکانی ئەو هەژاری و نەهامەتییەی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندوویەتی، خۆی لە بەردەم ڕەوتی حاشاهەڵنەگری پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و توێژە بێبەشەکان و تەنانەت تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە. سەردەمدارانی ڕژێمی ئیسلامی پێشتریش لە قۆناغی وادا بۆ پاراستنی مانەوەی خۆیان و بە مەبەستی توندترکردنەوەی کەشی ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگەدا، پەنایان بۆ سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکان و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی بردووە. خەڵکی ئێران لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا تاوانی لەم چەشنەیان ئەزموون کردووە. نموونەی ئەم دوایەی ئەو تاوانانە، ڕاپەڕینی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو بوو کە ڕژێم لە ترسی تەشەنەسەندنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، بە فەرمانی عەلی خامنەیی لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا، هەزاران کەس لەو خەڵکە وەزاڵەهاتووەی کە دژی هەژاری و گرانی و دیکتاتۆری ڕژابوونە سەر شەقامەکان، دایە بەر دەسترێژی ڕاستەوخۆی گوللە و خەڵتانی خوێنی کردن

بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان، کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئەمساڵی ١٤٠٥ـەوە تا ئێستا زیاتر لە ١٧٧ کەسی لەسێدارە داوە و هەزاران کەسی دیکەشی دەستبەسەر کردووە؛ دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمیش بە خێرایی سەرقاڵی دۆسیەسازی بۆ گیراوەکانن. دەزگای قەزایی ڕژێم لەسەر بنەمای ئەو دۆسیەسازییانە، خەریکی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای قورس و لەسێدارەدانە لە زیندانەکاندا. بەگوێرەی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی دوو ڕۆژی ڕابردوو، لانیکەم چوار زیندانی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان گواستراونەتەوە بۆ ژوورە تاکەکەسییەکان و شەش کەسی دیکەش لە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینی بەفرانبار لە شاری شاڕوود، بە تۆمەتە ساوەکانی "موحارەبە" و "سیخوڕی بۆ ئیسرائیل" مەترسی سێدارەیان لەسەرە

وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە بەردەوامی لەسێدارەدانەکان، ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی جۆزەردان، "هەڵمەتی سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە"، لە ١٢٥ـەمین هەفتەی هەڵمەتەکەدا ڕایگەیاند کە ئێستا لە ٥٦ زیندانی سەرانسەری وڵاتدا زیندانییەکان دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن. ئەم کارزارە ڕایگەیاندووە: "ئێمە خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی لەسێدارەدانەکانین و داوا لە سەرجەم ویژدانە بێدارەکان و چالاکانی سیاسی، مەدەنی، پیشەیی و مافی مرۆڤ دەکەین کە بە هەر شێوەیەکی گونجاو لەسێدارەدان مەحکووم بکەن و بۆ تێکشکاندنی پێکهاتەی سەرکوتگەرانە و سووڕی لێسەندنەوەی ژیانی مرۆڤەکان، هاوپشت و یەکگرتووانە هەنگاو بنێن و بۆ ڕاگرتنی ئەم کردەوەیە دەست بدەنە هەنگاوی جدی"

لەم پەیوەندییەدا، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ) ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی جۆزەردان سەبارەت بە پەرەسەندنی لەسێدارەدانەکان لە زیندانەکانی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هۆشداریی دا. ئانێس کالامار، سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوەیە، بە دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە بەردەوامی سەرکوتی ناوخۆیی لە ئێران وتی: "مەترسی ئەوە هەیە ڕێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکا ناسراو بە «لێکتێگەیشتنامەی ئیسلامئاباد» یان هەر ڕێککەوتنێکی



دیکە کە تەنیا تیشک بخاتە سەر بەرژەوەندییە ستراتیژی و سەربازییەکانی ئەمریکا و ئێران و مافەکانی مرۆڤ پشتگوێ بخات، ببێتە پەردەیەک بۆ بەردەوامی پارێزبەندی لە سزادان، سەرکوتگەری و داگیرکاری". ناوبراو وتیشی: "سەپاندنی چەندین مانگ ئازار و وێرانیی بەرفراوان بەسەر خەڵکی سڤیلدا لە ئێران، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە و دەچێتە خانەی تاوانی جەنگییەوە". کالامار هەروەها هۆشداریی دا کە: "کۆتاییهاتنی هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا دژی ئێران بە مانای کۆتاییهاتنی مەترسی نییە بۆ سەر هاووڵاتییانی ئێرانی؛ چونکە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی شەڕەکەشدا پەرەیان بە سەرکوتی ناوخۆیی داوە و دەستبەسەرکردنی بەرفراوان، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، ئەشکەنجە، مامەڵەی نامرۆڤانە، دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و لەسێدارەدانەکان هەموویان پاڵنەری سیاسییان لەپشت بووە."

پەرەسەندنی سەرکوتگەری و هەڵکشانی ئاماری لەسێدارەدانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی ناڕەزایەتییەکان ئەنجام دەدرێت، لە کاتێکدایە کە قەیرانی ئابووریی ڕژێم گەیشتووەتە ئاستێکی تاقەتپڕووکێن؛ تا ئەو جێگەیەی کاربەدەستانی ڕژێمیش ناچار بوون دان بە بەشێکیدا بنێن. ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی جۆزەردان، جێگری وەزیری ناوخۆی ڕژێم دانی بەوەدا نا کە زیاتر لە ٦٠٪ی هاووڵاتییان لەمە زیاتر بەرگەی فشاری ئابووری ناگرن و هیچ هیوایەکیان بە باشتربوونی بارودۆخی ئابووری لە داهاتووشدا نییە. هەرچەندە تیمی ئابووریی حکوومەتی پزیشکیان هەوڵ دەدات قەیرانی بژێویی ئێستا بخاتە ئەستۆی هەلومەرجی شەڕ و توندبوونەوەی سزاکان، و بەم شێوەیە پاساو بۆ بێتوانایی خۆی لە وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بهێنێتەوە، بەڵام تەنیا بەشێکی بچووکی پەرەسەندنی قەیرانە ئابوورییەکان دەرەنجامی شەڕە؛ بەڵکوو قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداری و خەرجییە زەبەلاحە سەربازی و ئەمنییەکان لە تەنیشت دزی و گەندەڵی و ڕانتخۆری کاربەدەستانی ڕژێمی ئیسلامی و دەستوپێوەندەکانیان لە چوار دەیەی ڕابردوودا، هۆکاری سەرەکی هەڵاوسان، گرانی، دابەزینی بەهای تمەن و فەقیری و برسیەتین. بەپێی ئاماری ناوەندە داراییەکان لە ئێران، هەڵاوسانی گشتی لە مانگی گوڵانی ئەمساڵدا گەیشتووەتە سەرووی ٧٠٪ و نرخی کەلوپەلی خۆراکیش زیاتر لە ١٠٠٪ بەرز بووەتەوە. سەرۆکی ژووری پیشەسازییە کشتوکاڵییەکانیش دانی بەوەدا ناوە کە نرخی هەندێک کاڵا لە بازاڕدا تا ٥٠٠٪ بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە

ئاشکرایە کە لە هەلومەرجێکی وەهادا و بە کۆتاییهاتنی شەڕ، ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان و چینی بێبەشی کۆمەڵگە دژی بارودۆخی کارەساتباری ژیان پەرە دەستێنێت. بەم ئاستە لە هەڵاوسان و تێچووی سەبەتەی بژێویی سەرووی ٧٠ ملیۆن تمەن و بە حەقدەستی ٢٠ ملیۆن تمەنییەوە، درێژەدان بە ژیان ئەستەمە. لەم ڕوانگەیەوە، بێگومان بە کۆتاییهاتنی هەلومەرجی شەڕ، ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕەهەندی بەرفراوانتردا سەرهەڵدەدەنەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کرێکارانی ئەرکانی سالیسی نەوت و گاز بە پێداگری لەسەر داخوازییەکانیان هۆشدارییان داوە کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕدا، دەبێت حکوومەت بیر لە بژێوی و ئاسایشی کاری زیاتر لە یەک ملیۆن کرێکاری کۆمپانیا پەیمانکارەکان بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا کۆتایی بە دەستی پەیمانکاران بهێنێت. لە حەوتەی ڕابردووشدا خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی لە چەندین شاردا بە گردبوونەوەی ناڕەزایەتی و دروشمدان دژی گرانی و هەڵاوسان، خوازیاری دابینکردنی مافە بژێوییەکانیان بوون

بەڵام بێگومان دەستڕاگەیشتنی ئەگەری ڕژێم بە سەرچاوە داراییەکان لە داهاتووشدا، تەنیا خەرجی نۆژەنکردنەوە و بەهێزکردنی دەزگا و ناوەندە سەربازی و ئەمنییەکان دەکرێت بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی، و لە سەرکوت، دەستبەسەرکردن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان بەردەوام دەبێت. لە دۆخێکی وەهادا، بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نییە جگە لە درێژەدان و پەرەپێدانی مانگرتن و ناڕەزایەتییە ڕێکخراو و سەرانسەرییەکان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلامارەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کار و بژێوی و ژیانیان، و سەرەنجام هێنانەخوارەوە و ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە

❊❊❊

# چاوگێڕانێک بەسەر پێگە و گرنگیی نارەزایەتییەکانی قوتابیان

نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەی قوتابیان، بەتایبەت لە تاران، مەشهەد و هەمەدان، جارێکی تر نیشانی دا کە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنە سوننەتییەکانی نارەزایەتیدا قەتیس نەماون. لە ساڵانی ڕابردوودا کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، پەرستاران، شۆفێرانی بارهەڵگر، زیندانیانی سیاسی و دادخوازان، چەندین جار و بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان، بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەستاونەتەوە. بەڵام هاتنەمەیدانی قوتابیان، وەک درێژەی ئەو ڕۆڵەی لە ڕەوتی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا گێڕایان، خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە. ئەم نارەزایەتییانە لە ژینگەی قوتابخانەدا -کە هەمیشە وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پەروەردە و کۆنترۆڵی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ئەژمار کراوە- دەریدەخەن کە میکانیزمە ئەمنی و ئایدۆلۆژیکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەندەکانی خوێندن کارایی خۆیان لەدەست داوە. ئەوەی لەم ڕۆژانەدا ڕووی دا، تەنیا کاردانەوەیەک نەبوو بەرانبەر بە بڕیارەکەی وەزیری پەروەردە و بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان بە شێوەی حوزووری. بەڵکوو دەبێت ئەم نارەزایەتییانەی دوایی لەسەر بەستێنی فراوانتری قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا تێبگەین؛ قەیرانێک کە بەرەبەرە درزی نێوان نەوەی نوێ و پێکهاتەی دەسەڵاتی قووڵتر کردووەتەوە. خوێندنگا کە بڕیار بوو شوێنی بەرهەمهێنانەوەی بەها و نۆرمەکانی حکوومەت بێت، ئێستا خۆی بووەتە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی نارەزایەتی. نارەزایەتییەکانی قوتابیان نیشانی دەدات ئەو فەزا و ژینگەیەی کە بۆ گواستنەوەی «بەها» حکوومییەکان دارێژراوە، لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەتوانێت ببێتە زەمینەیەک بۆ پێکەوەنانی ئەزموونە هاوبەشەکان، ئاگایی ڕەخنەگرانە و بەرخۆدان و نارەزایەتی بەکۆمەڵ. نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەی قوتابیان دەکرێت وەک نیشانەیەک بۆ چالاکبوونەوەی هەر ئەم ناکۆکییە لە ناخی یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامیدا چاوی لێ بکرێت

بۆ تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی نارەزایەتییەکانی قوتابیان، دەبێت لە ئاستی بڕیارە کارگێڕییەکان تێپەڕین و سەرنج بدەینە میکانیزمە پێکهاتەییەکانی نایەکسانی. هەڵاواردنی پەروەردەیی لە ئێراندا، بەشێکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی نەزمی ئابووری سەرمایەداری لەژێر سێبەری حکوومەتی ئیسلامیدا. پەرەسەندنی خوێندنی ئەهلی، گەشەی قوتابخانە تایبەتەکان، دابەشبوونی نایەکسانی ئیمکاناتی پەروەردەیی لە نێوان ناوچە جیاوازەکان و گرێدرانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی سەرکەوتنی خوێندن بە توانای دارایی بنەماڵەکانەوە، هەموویان لە خزمەت گواستنەوە و جێگیرکردنی کەلێنە چینایەتییەکاندا کار دەکەن. لە وەها هەلومەرجێکدا، دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بەکوالێتی، لەبری ئەوەی مافێکی گشتی بێت، دەبێتە ئیمتیازێک کە بە تەواوی گرێدراوی پێگەی ئابوورییە. مافیای کۆنکووریش لە کردەوەدا هەر ئەم لۆژیکە بەرهەم دەهێنێتەوە. ئیمکاناتی پەروەردەیی، پۆلە تایبەتەکان و سەرچاوە یارمەتیدەرەکانی خوێندن، بە شێوەیەکی هەڵاواردنانە و نایەکسان دابەش کراون و دەرفەتی چوونە ناو خوێندنی باڵا، زیاتر لە جاران بە سەرمایەی ئابووریی بنەماڵەکانەوە گرێ دراوە. بەم پێیە، لە زۆر حاڵەتدا قوتابخانە دەبێتە میکانیزمێک بۆ گواستنەوەی نایەکسانی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. بڕیارەکانی ئەم دواییەی دامەزراوە حکوومییەکان کە چەخماخەی نارەزایەتییەکانی لێ دا، هەر لەم چوارچێوەیەدا جێگەی تێگەیشتنە. ئەم بڕیارانە بەبێ بەشداری قوتابیان، مامۆستایان، بنەماڵەکان و جەستەی پەروەردەیی دران و بەسەر ملیۆنان کەسدا سەپێنران. شێوازێکی وەها لە سیاسەتدانان، نیشاندەری مۆدێلێکە کە تێیدا بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەژێر کۆنترۆڵی قۆرخکاری دامەزراوەکانی سەر بە دەسەڵاتدان

یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی نارەزایەتی قوتابیان لەم ڕۆژانەی دواییدا، پێگەی نەوەی نارازییە. ئەم قوتابیانە لە کەشێکدا گەورە بوون کە بە قەیرانە ئابوورییەکان، نائارامیی کۆمەڵایەتی، بێمافییە سیاسییەکان و چڕبوونەوەی کەشی سەرکوتەوە گرێ دراوە. ئەوان ئەزموونی بارودۆخی شەڕ، نائارامی، دابەزینی بەردەوامی ئاستی بژێوی ژیان، پەرەسەندنی هەژاری و بەرتەسکبوونەوەی ئاسۆکانی داهاتوویان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموون کردووە. بەشێکی گرنگی ئەم نەوەیە، ئەزموونی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤ی لە بیرەوەریی مێژوویی خۆیدا هەڵگرتووە؛ ڕووداوێک کە شوێنەواری قووڵی لەسەر ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لاوان بەجێ هێشت. لەم ڕوانگەیەوە، ناتوانرێت نارەزایەتییەکانی قوتابیان جیا لە گۆڕانکارییە بەرینەکانی کۆمەڵگای ئێران شیکاری بکرێت. پێداگری نارازییان لەسەر بەردەوامیدان بە ئامادەبوون لە مەیدان و چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی وەڵام، دەربڕی جۆرێک لە گۆڕانکارییە لە پەیوەندی نێوان نەوەی نوێ لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات. ئەم گۆڕانکارییە نیشانی دەدات کە بەشێک لە میکانیزمە سوننەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ ڕازیکردن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کارایی خۆیان لەدەست داوە. بێگومان لە ڕوانگەی چینایەتییەوە، قوتابیان تەنیا سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نین. ئەوان لە توێژ و پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە هەڵقوڵاون و بەرژەوەندی ئابووری هاوبەشیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگییە سیاسییەکەی ئەم نارەزایەتییانە لەوەدایە کە ئەم نەوەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە ناو بازاڕی کار و پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایەوە. ئەزموونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆیان دەتوانێت لە داڕشتنی شێوازەکانی داهاتووی خەباتی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت

کۆماری ئیسلامی لە دەیەکانی ڕابردوودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، کەڵکی لە تێکەڵەیەک لە سەرکوت، ئیمتیازدانی سنووردار، بەڵێنیی درۆی چاکسازی و لێکدابڕینی داواکارییەکان وەرگرتووە. بەڵام نارەزایەتییەکانی قوتابیان ئاستەنگ و بەرەنگارییەکی جیاوازی خستووەتە بەردەم دەسەڵات. ملکەچبوون بۆ بەشێکی بەرچاو لە داواکارییەکانی نارازییان، دەتوانێت ئەو تێگەیشتنە بەهێزتر بکات کە گوشاری جەماوەری توانای گۆڕینی سیاسەتەکانی هەیە. لە بەرانبەریشدا، توندکردنەوەی سەرکوت و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمنی، درزی نێوان نەوەی نوێ و حکوومەتی ئیسلامی قووڵتر دەکاتەوە. هەر ئەم دۆخە، نیشاندەری بەرتەسکبوونەوەی مەودای مانۆڕی دەسەڵاتە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نارەزایەتییە نوێیەکاندا. هەلومەرجێکی لەم چەشنە، قووڵایی قەیرانی هێژمۆنی حکوومەتی ئیسلامی نیشان دەدات. دۆخێک کە تێیدا چینی حاکم چیتر توانای نییە ڕەزامەندییە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ پاراستنی شەرعییەتی سیاسیی خۆی دابین بکات و ناچارە زیاتر لە جاران پەنا بباتە بەر ئامرازەکانی سەرکوت. بەڵام چڕکردنەوەی سەرکوت، خۆی دەبێتە هۆی داماڵین و قووڵبوونەوەی زیاتری قەیرانی شەرعییەتی سیاسی ڕژێمی ئیسلامی. لەوانەیە گرنگی سیاسی نارەزایەتییەکانی قوتابیان لەوەدا بێت کە پانتایی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو بوارانە پەرەی سەندووە کە پێشتر کەمتر لە چەقی سەرنجدا بوون

پرسی پەروەردە و فێرکردن ڕاستەوخۆ بە ژیانی ملیۆنان بنەماڵەوە گرێ دراوە و هەر بەم هۆکارەش، پوتانسیەل و توانایەکی زۆری بۆ دروستکردنی هاوپشتی و گرێدانی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بە یەکترەوە هەیە. ئەزموونی مێژوویی نیشانی دەدات کە قەیرانە سیاسییە گەورەکان زۆر جار نەک لە ناخی نارەزایەتییەکی تاکەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی گرێدرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا پێک دێن. لە ئێرانیشدا لە ساڵانی ڕابردوودا کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، پەرستاران، شۆفێرانی بارهەڵگر، دادخوازان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر چەندین جار و بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتییان دەربڕیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم نارەزایەتییانە زۆرجار بە شێوەی دابڕاو و بەبێ گرێدرانێکی ئۆرگانیک بە یەکترەوە بەرەوپێش چوون. نارەزایەتییەکانی قوتابیان لەبەر ئەوە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە کە ڕاستەوخۆ بە بنەماڵەکان، ئایندەی نەوەی نوێ و پرسی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دراون. هەر ئەم تایبەتمەندییە دەتوانێت دەرفەتی دروستکردنی پرد لە نێوان خواستەکانی گرووپە جیاوازەکاندا بەرز بکاتەوە. بەڵام، بەدیهاتنی ئەگەرێکی وەها خۆبەخۆ ڕوو نادات. گرێدان و پێکەوەنانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە خۆڕێکخستن، تۆڕەکانی هاوپشتی و داڕشتنی ئاسۆیەکی هاوبەشی سیاسی هەیە. بەبێ بوونی پەیوەندیگەلێکی وا، تەنانەت بەرفراوانترین نارەزایەتییەکانیش لەوانەیە هەر لە چوارچێوەی خواستە جیاوازە پیشەییەکاندا بمێننەوە و نەتوانن ببنە هێزێکی یەکلاکەرەوە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا

پێویستە هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست لە نێو قوتابیاندا، هاوکات لەگەڵ ئامادەبوونی چالاکانەیان لە نارەزایەتییەکاندا، یارمەتیدەری پرسی خۆڕێکخستنی قوتابیان بن بۆ وەدیهێنانی خواستە دیموکراتیکەکانیان و پاشەکشەپێکردن بە کەشی ئەمنی و سەرکوت. بەڵام ئەمە تەنیا خاڵی دەستپێکە. گرنگییە سەرەکییەکە لەوەدایە کە ڕەگ و ڕیشە پێکهاتەییەکانی نایەکسانی و پەروەردەی چینایەتی ڕوون بکرێتەوە و جەخت لەسەر گرێدراوییەکەی بە پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستاوە بکرێتەوە. خەبات دژی هەڵاواردن، نایەکسانی و پەروەردەی چینایەتی، تەنیا کاتێک دەتوانێت ئاسۆی بەرینتر پەیدا بکات، کە لەگەڵ خەبات و داواکارییەکانی کرێکاران، مامۆستایان و تەواوی توێژە چەوساوە و بێبەشەکانی تری کۆمەڵگادا گرێ بخوات

❊❊❊

# بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا و قووڵبوونەوەی ململانێی باڵەکانی نێو دەسەڵات لە ئێران

لە کاتێکدا کە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی جۆزەردانی ١٤٠٥، ترامپ و شەهباز شەریف هەواڵی واژۆکردنی بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی هاوبەشیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامیش گەیشتن بە „یادداشتی لێکتێگەیشتن بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا"ی پشتڕاست کردەوە. سەرۆکوەزیرانی پاکستان وەک لایەنی نێوەندگیر ڕایگەیاند کە واژۆکردنی فەرمی ڕێککەوتنەکە ڕۆژی هەینی ٢٩ی جۆزەردان بەڕێوە دەچێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتی ئیسرائیل و لە ناوخۆی ئێرانیشدا باڵی „پایداری" و ئوسولگەرا توندڕەوەکان دژی واژۆکردنی بەڵگەنامەیەکی لەو شێوەیەن و هەوڵ دەدەن کۆسپ بخەنە بەردەم هەرچەشنە ڕێککەوتنێک لە نێوان لایەنەکاندا. ئەم یادداشتی لێکتێگەیشتنە لە هەلومەرجێکدا ڕادەگەیەنرێت کە ئەرتەشی ئیسرائیل باشووری لوبنانی تا قووڵایی ٣٠ کیلۆمەتری داگیر کردووە و وەزیری بەرگریی دەوڵەتەکەی نەتانیاهۆش ڕایگەیاندووە کە لەو ناوچانەی لە لوبنان، سووریا و غەززە داگیریان کردووە، پاشەکشە ناکات.

دەوڵەتی ئیسرائیل چەندین جار نیشانی داوە کە بۆ هێرشی سەربازی دژی حزبوڵڵا لە لوبنان، کەڵک لە هەر بیانوویەک لە ناوچەکەدا وەردەگرێت. حزبوڵڵاش لە ڕەوتی شەڕی چل ڕۆژەدا، وەکوو باسکێکی گرنگی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشبردنی ستراتیژی „ناوچەییکردنی شەڕ" ڕۆڵی گێڕاوە. لەم ڕوانگەیەوە، کۆماری ئیسلامی بەدوای ئەو زەبرە قورسانەی کە بەر حزبوڵڵا کەوت لە شەڕی دژ بە ئیسرائیلدا، لە پێناو درێژەدان بە سیاسەتی ناوچەییی خۆی، هەوڵی داوە توانای سەربازی ئەم گرووپە ئیسلامییە نۆژەن بکاتەوە. ئەرتەشی ئیسرائیل لە درێژەی سیاسەتە داگیرکارییەکانی خۆیدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی جۆزەردان – لە کاتێکدا ترامپ باسی لە واژۆکردنی بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا دەکرد – ڕایگەیاند کە لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا زیاتر لە ٧٠ پێگەی ئەم حزبەی لە لوبنان کردووەتە ئامانج و ژێرخان و ناوەندی فەرماندەیی حزبوڵڵای لە ناوچەی «زاحییە» لە باشووری بەیرووت بۆردومان کردووە و یەکێک لە فەرماندە باڵاکانی ئەم گرووپەی کوشتووە. سەرەڕای ئەوەش، هۆشداری چۆڵکردنی ماڵەکانیان بە جەماوەری بێ‌دەرەتانی ١٦ گوندی باشووری لوبنانیش دا. بە وتەی حزبوڵڵا، ئەم هێرشە بەربڵاوانەی ئەرتەشی داگیرکەری ئیسرائیل، کاردانەوەیەک بووە بەرامبەر بە هەڵدانی دوو درۆنی ئەم گرووپە لە ڕۆژی شەممە بەرەو هێزەکانی ئیسرائیل. ڕاستییەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسرائیل ڕێککەوتنی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەقی لێکتێگەیشتنەکە بە گونجاو لەگەڵ ئامانجە جەنگییەکانی خۆی نازانێت. لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، لەم لێکتێگەیشتنەدا پرسە سەرەکییەکانی وەکوو مووشەکە بالیستیکییەکان، تۆڕی هێزەکانی ناسراو بە «بەرەی موقاوەمە» لە ناوچەکە و چارەنووسی یەدەگی یۆرانیۆمی پیتێنراو، بێ‌چارەسەر ماونەتەوە. کۆماری ئیسلامیش کە لە درێژەی سیاسەتی ناوچەییکردنی شەڕەکەدا، واژۆکردنی هەر ڕێککەوتنێکی گرێ داوەتەوە بە ئاگربەستی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان، ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیلی لە لوبنان بە کۆسپ‌خستنە سەر ڕێگای ڕێککەوتنەکە ناو برد.

لە ئێرانیشدا، ڕاگەیاندنی ڕێککەوتن لەسەر واژۆکردنی ئەم بەڵگەنامەیە، تووڕەیی بەرەی پایداری و بەشێک لە ئوسولگەرا توندڕەوەکانی ناو پێکهاتەی دەسەڵاتی ئیسلامی لێکەوتووەتەوە. ڕەوتی پایداری کە هیچ سازشێکیان لەگەڵ کوڕەکەی خامنەیی نییە و بۆ پێشبردنی ئامانجەکانیان کەڵک لە هەژموونی خۆیان بەسەر دەزگای ڕاگەیاندنی ڕژێم (صدا و سیما)، دەزگای دادوەری و ئاستێک لە فەرماندە ناوەندییەکانی سوپای پاسداران وەردەگرن، بۆ پەکخستنی ڕەوتی دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا بە نێوەندگیری پاکستان، درێغییان لە هیچ هەوڵێک نەکردووە. ئەم باڵە دژی هەرچەشنە ئاگربەستێکە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و خوازیاری بەردەوامبوونی شەڕ و توندترکردنەوەی کەشی ئەمنییەتیی بەسەر کۆمەڵگەدایە. باڵی پایداری لەم قۆناغەدا بە هێنانەمەیدانی لایەنگران و حزبوڵڵاییەکانی سەر بە خۆیان لەسەر شەقامەکان، چەندین جار ئامانجەکانی قالیباف و عێراقچی و کابینەکەی پزیشکیانیان لەم دانوستانانەدا بردووەتە ژێر پرسیارەوە. ئەم باڵە ڕۆژی یەکشەممە بە وەڕێخستنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە تاران و مەشهەد، واژۆکردنی هەرچەشنە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ „ئەمریکای بکوژی خامنەیی و فەرماندەکانی سوپا و بەرپرسە باڵاکانی دەسەڵاتی ئیسلامی" بە خیانەت و سەرشۆڕی زانی و بە جنێو و سووکایەتی هێرشیان کردە سەر قالیباف و عێراقچی و خوازیاری دەستلەکارکێشانەوەیان بوون. سەرەڕای جموجووڵەکانی باڵی پایداری، وا دێتە بەرچاو کە کادری سەرکردایەتی سوپای پاسداران لە هاوئاهەنگی لەگەڵ موجتەبا خامنەیی و بە هاوڕێیەتیی مەجلیس و کابینەی حکومەت، ستراتیژی مانەوەی ڕژێمی ئیسلامی لە ڕێڕەوی لێکتێگەیشتن و سازش لەگەڵ ئەمریکا و پەرەپێدانی سەرکوت لە ناوخۆدا بەرەوپێش دەبات.

حزبوڵڵای لوبنان کە گرنگترین باسکی بەناو «بەرەی موقاوەمە»ی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ پێشبردنی ستراتیژی و سیاسەتە ناوچەییەکانی، لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەژێر فەرماندەیی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، خەڵکی لوبنانی بەرەوڕووی شەڕی ناوخۆیی و شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل کردووە و بووەتە هۆی کوشتار و وێرانی و خەسارێکی زۆر بەسەر جەماوەری ستەمدیدەی لوبناندا. بەرپرسانی دەوڵەتی لوبنان ئاشکرایان کردووە کە حزبوڵڵای لوبنان، لە دوو ڕۆژ پاش کوژرانی عەلی خامنەییەوە تا ئێستا، بە هاویشتنی مووشەک و درۆن بەرەو ئیسرائیل، لوبنانی خستووەتە نێو جەنگێکی دیکەوە و سەرانسەری وڵاتەکەی خستووەتە بەردەم مەترسی پەلامارەکانی ئیسرائیلەوە. دەوڵەتی لوبنان ڕایگەیاند کە ئەم جەنگە تا ئێستا بووەتە هۆی کوژران و برینداربوونی هەزاران کەس، کاولبوونی ماڵەکان و ئاوارەبوونی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس. دیارە لە هاوسەنگییەکی هێزی لەم شێوەیەدا، هەنگاوە سەربازییەکانی حزبوڵڵا دژی ئیسرائیل، جگە لە هاندانی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل بۆ هێرشی سەربازی زیاتر و لێکەوتنەوەی زیان و خەسار بۆ خەڵکی ستەمدیدەی لوبنان، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە. بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ یارمەتیدان و بەرگریکردن لە حزبوڵڵا و پاراستنی ئەم گرووپە لە لوبنان وەک سەرەکیترین بازووی چەکداری خۆی لە ناوچەکەدا، حکومەتی نوێی لوبنان بە پشتیوانی و پاڵپشتیی ئەمریکا و زلهێزە ئەوروووپییەکانی دیکە و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، پێداگرە لەسەر ئەوەی چەک لە حزبوڵڵا داماڵێت و بەشێک لەم پرۆسەیەی لە باشووری لوبنانیش جێبەجێ کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی گشتیی کۆماری ئیسلامی، لێکەوتەکانی توندبوونەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان و کاریگەرییەکانی گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی باشووری ئێران لە لایەن ئەمریکاوە، کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە دانوستانە ٦٠ ڕۆژییەکەشدا توانای ئەوەی نابێت ڕێگری لە پرۆسەی چەک‌کردنی حزبوڵڵا بکات.

بە چەک‌کردنی حزبوڵڵا لە لوبنان و ئەو هەنگاوانەی کە لە عێراق بۆ چەک‌کردنی گرووپەکانی حەشدی شەعبی هەڵگیراون و بەشێکیان چەکەکانیان ڕادەستی دەوڵەت کردووە؛ هەروەها خۆبواردنی حووسییەکانی یەمەن لە تێوەگلانی جدیی سەربازی لە ناوچەکەدا؛ و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد کە کۆتایی بە هەژموونی کۆماری ئیسلامی لە سووریا هێنا – کە هەموویان بەشێک بوون لە هێزەکانی بەناو «بەرەی موقاوەمە»ی ڕژێمی ئیسلامی – ئیتر ڕژێمی ئیسلامی ناتوانێت درێژە بە ستراتیژیی شەڕی پێشگیرانەی خۆی لە وڵاتانی ناوچەکەدا بدات. بەم جۆرە، سیاسەت و ستراتیژیی شەڕی پێشگیرانە و پرتێچووی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی پاش چوار دەیە، گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی.

***



## هۆشداریی کرێکاران بە ڕژیمی ئیسلامی

# یەکگرتوو دژی شەڕانگێزییەکانی ڕژیم، یەکگرتوو دژی لەناوبردنی کار و بژێوی، یەکگرتوو دژی سەرکوت و زیندان و لەسێدارەدان، بەوپەڕی هێزەوە دەگەڕێینەوە

دەرەنجامە وێرانکەرەکانی شەڕی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دۆخی دۆزەخی 'نە شەڕ و نە ئاشتی'، قەیرانی ئابووریی لە ئێراندا بە شێوەیەکی بێوێنە قووڵتر کردووەتەوە و ژیان و بژێویی چینی کرێکاری زیاتر لە جاران خستووەتە مەنگەنەوە. بەهۆی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و لە ئاکامی بەردەوامی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و زلهێزەکانی تری ڕۆژئاواوە، هاوردەکردنی زۆرێک لە کەرەستە خاوەکان و کاڵا پێویستەکانی تر لە دەرەوە قەدەغە کراوە. بەم هۆیەوە، زۆرێک لە کارگە و ناوەندە سەرەکییەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری لە ئێراندا یان




بەتەواوی داخراون، یان ڕووبەڕووی دابەزینی توندی ئاستی بەرهەمهێنان بوونەتەوە. ئەمەش خۆی بووەتە بیانوویەک بە دەست سەرمایەداران و خاوەنکارانەوە بۆ بێکارکردنی بەرفراوان و دەرکردنی هێزی کار لە زۆرێک لە کارگە و دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکاندا. لە لایەکی ترەوە، لە ئاکامی بۆردومان و مووشەکبارانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە شەڕی دوازدە ڕۆژە و چل ڕۆژەدا، بەشێکی زۆر لە کارگە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە ئێران خاپوور بوون و لەکار کەوتوون، کە لەم بارودۆخە ئابوورییەی ئێستادا، توانای نۆژەنکردنەوە و گەڕانەوەیان بۆ نێو سووڕی بەرهەمهێنان نییە. ئەمەش لە لای خۆیەوە پانتایی بێکارکردنەکانی فراوانتر کردووە

ئەمە لە کاتێکدایە کە سندووقەکانی بیمەی کۆمەڵایەتیش بەهۆی دزی و تاڵانکارییەکانی دەوڵەت لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەتاڵ و مایەپووچ بوون و توانای پێدانی مافی بیمەیان بە کرێکاران نەماوە. سەرجەمی ئەم هۆکارانە، شانبەشانی قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداریی ئێران، ژیان و بژێویی کرێکاران و بنەماڵەکانیانی ڕووبەڕووی مەترسی جدی کردووەتەوە و هیچ تاقەت و برستێکی بۆ نەهێشتوونەتەوە. لە ئەنجامدا، سەرەڕای هەوڵی ناوەندی بڕیاردەری سوپای پاسداران بۆ پاراستن و هێشتنەوەی کەشوهەوای شەڕ و لەسێدارەدان و گرتن و ڕاوەدوونان بە مەبەستی سەپاندنی کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا، سەبری کرێکاران کۆتایی هاتووە و شەپۆلێکی نوێ لە نارەزایەتی و هۆشدارییە کرێکارییەکان سەری هەڵداوەتەوە

لەم پێناوەدا، کرێکارانی 'گرووپی میللیی فوولاد' هۆشدارییان داوە بە بەرپرسانی ئەم کۆمپانیایە و بانکەکان کە: «تووڕەیی و نارەزایەتی کرێکاران لەوە زیاتر کۆنترۆڵ ناکرێت و ئەگەر تا ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی جۆزەردان بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ نەکەن، لە بەردەم پارێزگادا کۆبوونەوەی نارەزایەتی ڕێک دەخەین، تا بۆ دواجار چارەنووسی کۆمپانیا، بەرهەمهێنان و داهاتووی کرێکاران بە شێوەیەکی شەفاف و یەکلاکەرەوە ڕوون ببێتەوە. کرێکاران ئیتر بەڵێنییان ناوێت، بەڵکوو هەنگاوی کردارییان دەوێت.» ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی دوو مانگ دواکەوتنی مووچەکانیان و کێشەی بیمە و زێدەکارکردنەوە نارەزایەتی خۆیان بە بەڕێوەبەران ڕاگەیاندووە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە «لە بارودۆخی گرانی و هەڵاوساندا، دواکەوتنی پێدانی کرێ و حەقدەست تەنیا پرسێکی دارایی نییە، بەڵکوو دەستدرێژییە بۆ سەر ئاسایشی بنەماڵە کرێکارییەکان.»

پێشتریش 'شوورای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانیی نەوت'، لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوێکی هێرشبەرانە و سیاسییەوە، لە پێگەی ڕێبەرایەتیی کرێکارییەوە هۆشدارییان داوەتە ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداری کە: «یەکگرتووانە دژی لەناوبردنی کار و بژێوی؛ یەکگرتووانە دژی شەڕانگێزییەکانی ڕژیم و ئەو پەلامارانەی بە بیانووی شەڕەوە هەموو ڕۆژێک دەکرێنە سەر ژیانی ئێمەی کرێکاران و جەماوەری خەڵک؛ و یەکگرتووانە دژی سەرکوت و زیندان و لەسێدارەدان ڕاوەستاوین.» شوورای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانیی نەوت لە بەیاننامەکەیاندا بە سەرانی ڕژیم وەبیر هێناوەتەوە کە هەزاران کەس لە هاوکارانمان بێکار کراون و تەنانەت پێدانی حەقدەستەکانیش لە زۆر شوێن دوا کەوتووە. سەرەڕای ئەمەش، لە قۆناغە پڕمەترسی و زۆر ئەمنییەکاندا، هاوکارانمان لە ناوەندەکانی نەوت، لەوانە لە پێترۆشیمی ماهشەهر، وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە دەرکردنی ژمارەیەک لە هاوکارەکانیان دەستیان دایە مانگرتن و نارەزایەتی. ئێستاش کە تاڵانی و ڕووتاندنەوەتان بەردەوامە و هەوڵ دەدەن تێچووی شەڕ و سەرکوتکردن لەسەر حسابی سفرەی ئێمەی کرێکار و جەماوەری خەڵک دابین بکەن، دەبینن کە نارەزایەتییەکان خەریکە فۆرم دەگرن و گەشە دەکەن. لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەرداندا، هاوکارانی گرێبەستی، شیرکەتی و پەیمانکاری کۆمپانیای تێرمیناڵ و کۆگاکانی پێترۆشیمی لە دووەمین گردبوونەوەی خۆیاندا، وەک نارەزایەتییەک دژی دەرکردنەکان، دواکەوتنی حەقدەستەکان و کێشە بژێوییەکانیان، لە بەردەم بینای فەرمانگەی کاری ناوچەی تایبەتی ماهشەهر کۆ بوونەوە. کرێکاران لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا هۆشدارییان بە سەران و بەرپرسانی ڕژیم داوە کە: «ئێستا گوێیەکانتان بکەنەوە. ئێمەی کرێکاران و ئێمەی خەڵک بێدەنگ نەبووین و بێدەنگیش نابین. ئێمە مافخوازین، گوێتان لە دەنگی هەنگاوەکانمان بێت. ئەم دەنگانە لە کەرتی نەوتدا پانتاییەکی هەزاران کەسیان هەیە و بەوپەڕی هێزەوە دەگەڕێینەوە نێو گۆڕەپانەکە.» شوورای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکاران لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا بانگەوازی سەرجەم کرێکاران لە هەموو بەشەکانی کەرتی نەوت کردووە کە نارەزایەتییەکان پەرە پێ بدەن و فراوانتری بکەن

لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، کرێکارانی کارخانەی پۆڵای پارس و کرێکارانی حەوتتەپە لە شووش و کرێکارانی حەقدەستگر و بیمەیی 'سەرجین بافت'ی زەنجان، بە ئاماژەدان بە هەڵاوسان و گرانی و بارودۆخی سەختی بژێوی، نارەزایەتییان بەرامبەر بە دواکەوتنی چوار مانگ حەقدەست و مافی بیمەکانیان دەربڕی. مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران، ئامرازێکی بەهێزە بە دەستیانەوە بۆ هێنانەدی خواست و داواکارییەکانیان. بەڵام بەردەوامی سەرکوت و نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران، لەمپەرێکی گەورەیە لە بەردەم خۆڕێکخستن و سەرتاسەریبوونەوەی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکان. هەوڵی تا ئێستای ڕێبەران و هەڵسووراوانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ پێکهێنانی کۆمیتەکانی کارگە، کۆمیتەکانی مانگرتن و کۆبوونەوە گشتییەکان لە شوێنی کاردا ـــ کە وەک چرۆی سەرەتایی بۆ پێکهێنانی شوورا و سەندیکا جەماوەری و سەرتاسەرییەکانی کرێکاران ئەژمار دەکرێن ـــ ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە ڕێکخستنی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکاندا هەبووە

لە دۆخی نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاراندا، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ناوەندێک کە لەو ڕێبەر و هەڵسووراوانەی نێو جەرگەی خەباتی گەرمی کرێکاران و نوێنەرانی ڕێکخراوە پێشڕەو و سەربەخۆ کرێکارییەکان پێک هاتبێت، دەتوانێت بۆشایی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری پڕ بکاتەوە و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بۆ گرێدانەوە و سەرتاسەریکردنی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکان بگێڕێت

* * *

# کانگای تەفتان؛ دەرهێنانی زێڕ لە ناخی زەوییەوە و ئازار، مەینەتی و خوێنی ژنان

ئێوارەی سێشەممە ٢٦ی جۆزەردانی ١٤٠٥، لە گوندی "سەرسیاه"ی سەر بە ناوچەی تیلۆیی لە شارستانی تەفتانی سیستان و بەلۆچستان، ژمارەیەک لە ژنانی بەلۆچ بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژ بە کار و چالاکییەکانی کانگای زێڕی تەفتان و لێکەوتە وێرانکەرەکانی بۆ سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و سەرچاوە ئاوییەکانی زەوییە کشتوکاڵییەکان، کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا. ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییە بە هێرش و پەلاماری هێزە ئینتیزامییەکان و مۆرە و بەکرێگیراوەکانی پاسەوانی کانگاکە وەڵام درایەوە؛ پەلامارێک کە بە جنێودان، هەڕەشە، لێدان و کوتان و بریندارکردنی چەندین ژن کۆتایی هات. ناسنامەی یەکێک لە بریندارەکان بە ناوی «بیبی‌نور ریگی کوتە» پشتڕاست کراوەتەوە؛ ژنێکی تەمەن ٥٥ ساڵە، خێزاندار و دایکی پێنج منداڵ، کە بەپێی ڕاپۆرتەکان بەهۆی زەبری قۆنداغی تفەنگەوە لە سەری دراوە و بریندار کراوە. ئەم ڕووداوە، لە ڕاستیدا بەشێکە لە میکانیزمی تاڵانکاری و سەرکوتی چینایەتی لە یەکێک لە پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێراندا. ئەوەی لە تەفتان ڕووی داوە، ڕووخساری ڕووتی ئەو پەیوەندییەیە کە سەرمایەداری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی پشتی پێ دەبەستێت: تاڵانکردنی سەرچاوەکان، وێرانکردنی ژینگە و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازی کە لە بەرامبەر ئەم ڕەوتەدا قوت ببێتەوە. لە کانگای تەفتاندا ساڵانە ٥٠٠ کیلۆگرم قاڵبی زێڕ و ٥٠٠ کیلۆگرام قاڵبی زیو بەرهەم دەهێنرێت. دەبێت کانگای زێڕی تەفتان وەک پڕۆژەیەکی تاڵانکارانە سەیر بکرێت کە سەروەت و سامان بە چەوساندنەوەی کرێکاران لە ناخی زەوی دەردەکێشێت، بەڵام باج و تێچووەکانی دەخاتە سەر شانی خەڵکی ناوچەکە. لەم جۆرە پڕۆژانەدا، قازانج دەچێتە گیرفانی سەرمایە و تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە و کەڵەکە دەبێت، بەڵام ئاو وشک دەکات، زەوی دادەڕزێت، ئاژەڵداری و کشتوکاڵ گورزیان بەر دەکەوێت و ژیانی خەڵک وردەوردە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە

ناڕەزایەتی ژنانی گوندی سەرسیاهی شارستانی تەفتانی سیستان و بەلۆچستان لەم ناتەباییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوان بۆ مافی ژیان، مافی دەستڕاگەیشتن بە ئاو، مافی ئارامی، و مافی مانەوە لەسەر شوێنی ژیانی خۆیان هاتنە مەیدانی خەبات. ئەمانە خودی لۆژیکی سەرمایەن لە فۆرمە دڕندە و بێپەردەکەیدا. سەرمایە لێرەشدا تەنیا کاڵا بەرهەم ناهێنێت، بەڵکوو داڕزان، بێبەشی و ڕەنجیش دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە. لە ڕاستیدا، سەرمایە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە گشتییەکان، چەوساندنەوەی کرێکاران، هەرزانکردنی تێچووی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی باری قەیرانەکان بۆ پەراوێزەکان، گەشە دەکات. تەفتان نموونەیەکی ڕوونی ئەم لۆژیکەیە؛ زەوی، ئاو، ژینگەی ناوچەکە و چەوساندنەوەی کرێکاران خراونەتە خزمەت دەرهێنانی زێڕەوە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە هیچ پشکێکیان لە قازانجەکانی بەرناکەوێت. ئەوان تەنیا تەماشاچییانی نەخوازراوی پڕۆژەیەکن کە خەریکە ژیانیان لەناو دەبات. لەم نێوەندەدا، دەوری ڕژێمی حاکم و هێزە سەرکوتگەرەکان بەتەواوی ئاشکرایە. ئامادەبوونی سەرکوتگەران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێک ژن، منداڵ و بەساڵاچوو، خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە دەسەڵاتداریەتی تەنانەت لە ناڕەزایەتییەکی بەڕواڵەت بچووکیش تۆقیوە، چونکە ئەم ناڕەزایەتییە دەتوانێت بگۆڕێت بۆ فۆرمێک لە ئاگایی و هۆشیاری بەکۆمەڵ. لێدان بە قۆنداغی تفەنگ، هەڕەشەی دۆسیەسازی، جنێودان و سووکایەتیپێکردن، هەموویان بەشێکن لە سیاسەتێکی ئاشنا: تێکشکاندنی ئیرادەی خەبات و بەرخۆدان پێش ئەوەی ببێتە هێزێکی ڕێکخراو

ئەوەی ئەم ڕووداوە لە زۆر نموونەی هاوشێوە جیا دەکاتەوە، ئامادەبوونی بەرچاوی ژنانی ناوچەی نووکابادی شارستانی تەفتانی سیستان و بەلۆچستانە لە سەنگەری پێشەوەی ناڕەزایەتییەکاندا. لە کۆمەڵگە ژێردەستەکاندا، زۆربەی کات ژنان یەکەمین کەسانێکن کە لێکەوتەکانی وێرانکاری ژینگەیی و ئابووری بەرۆکیان دەگرێت. کاتێک ئاو کەم دەکات، کاتێک زەوی هێزی لەدەست دەدات، کاتێک تێچووەکانی بژێوی ژیان بەرز دەبنەوە، ئەوە ژنانن کە باری قورسی قەیرانەکە دەخەنە سەر شانیان. کەواتە، کردەوەی ئەوان بەرگرییەکی ڕاستەوخۆیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی. بەڵام وەڵامی دەسەڵات بۆ ئەم کردەوەیە، توندوتیژییە. توندوتیژی دژ بە ژنان لە تەفتان تەنیا پرسێکی ڕەگەزی (جێندەری) نییە؛ ئەم توندوتیژییە لە هەمان کاتدا ئامرازێکی چینایەتییە بۆ چەسپاندن و قایمکردنی هەژموونی دەسەڵات. سەرکوتکردنی ژنانی ناڕازی دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ نمایشکردنی هێز، تا بە هەموو دانیشتووانی ناوچەکە بسەلمێنن کە هیچ سنوورێک بۆ قەهر و زەبری دەسەڵاتداران بوونی نییە. ڕەفتارێکی لەم شێوەیە نیشانی دەدات کە ڕژێمی حاکم نەک تەنیا بەرگەی داواکارییەکانی خەڵک ناگرێت، بەڵکوو تەنانەت تاقەتی بینینی بەرخۆدانێکی ئاشتییانەشی نییە

ڕەهەندی ستەمکاری نەتەوەیی ئەم ڕووداوەش جێگای سەرنجە. ساڵانێکە خەڵکی بەلۆچستان لە پەراوێزی پێکهاتەی ئابووری و سیاسیدا ڕاگیراون و دانیشتووانی ناوچە بێبەشکراوەکانی سیستان و بەلۆچستان بە شێوەیەکی درێژخایەن لەگەڵ کەمیی خزمەتگوزاری، بێکاری، هەڵاواردن و بێبایەخی ڕووبەڕوو بوونەتەوە. لەم جۆرە پرۆژانە واتە پڕۆژەکانی دەرهێنان نەک هۆکارێک نین بۆ گەشەسەندن، بەڵکوو ئامرازێکن بۆ قووڵکردنەوەی کەلێنە چینایەتی و نەتەوەییەکان. سەرمایەداری ئیسلامی و پێش ئەویش ڕژێمی پەهلەوی، هەر بەم پەراوێزخستنە درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات: سەرەتا خەڵک لە ئیمکانی سوودمەندبوون لە سەرچاوەکانی خۆیان بێبەش دەکەن، پاشان هەمان بێبەشکردن وەک «پێویستی بە سەرمایەگوزاری» پاساو دەدەنەوە، و لە کۆتاییشدا بە هێزی سەرکوت پارێزگاری لێ دەکەن. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە دانیشتووانی سەرسیاه و ناوچەی تیلۆیی زیاتر لە دەیەیەکە سەبارەت بە لێکەوتەکانی چالاکیی کانگاکە هۆشدارییان داوە. ئەمەش واتە ناڕەزایەتی ئەمڕۆ، بەرهەمی ساڵانێک پرتووکان، بێوەڵامی و کەڵەکەبوونی تووڕەییە. کاتێک خەڵک چەندین جار سکاڵایان کردووە و هەر جارە و بە بێبایەخی یان هەڕەشە وەڵام دراونەتەوە، سروشتییە کە ناڕەزایەتی لە ئاستی دادخوازییەوە بۆ ئاستی بەرخۆدان و ڕووبەڕووبوونەوە بەرز بێتەوە. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە ناتەباییە شاراوە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا ئاشکرا دەبن

دیمەنێکی لەم چەشنە نیشانەی کەلێنی قووڵی نێوان خەڵک و ئەو لۆژیکەیە کە بەسەر شێوازی بەرهەمهێناندا زاڵە. لە سیستەمێکدا کە قازانج لەپێشترە لە ژیان، هەر ناڕەزایەتییەکی ناوچەیی دەبێتە پرسێکی سیاسی. چونکە ناڕازییان، هەرچەندە ڕەنگە لە سەرەتادا تەنیا خوازیاری کەمکردنەوەی زیانەکان یان ڕاگرتنی وێرانکارییەکان بن، بەڵام لە واقیعدا لۆژیکی خاوەندارێتی و دەسەڵاتی سەرمایە دەخەنە ژێر پرسیار و بەرەنگاری دەبنەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە وەڵامی دەسەڵات وەڵامێکی ئەمنی و سەرکوتگەرانەیە. دەبێت ناڕەزایەتیی ژنانی ناوچەی نووکابادی شارستانی تەفتانی سیستان و بەلۆچستان وەک زەنگێکی مەترسیی جدی سەیر بکرێت. ئەگەر ئەمڕۆ ژنانی ئەم ناوچەیە بە دەستی بەتاڵەوە لە بەرامبەر هێزە چەکدارەکاندا ڕادەوەستن، ئەم وەستان و بەرخۆدانە دژ بە نەزم و سیستەمێکە کە ژیانی چینە چەوساوەکان بە بێبەها دەزانێت و سروشتیش تەنیا وەک کاڵایەکی مەسرەفی دەبینێت. ڕووداوەکەی تەفتان نیشانی دا کە سەرمایەداری لەو ناوچانەی کە لەژێر سێبەری ستەمی نەتەوەییدان، بە شێوەیەکی دووقات بووەتە ئامرازێک بۆ قووڵکردنەوەی هەژاری و لێکترازانی کۆمەڵایەتی. پەلاماردانی ژنانی بەلۆچ، بەشێکە لە میکانیزمی پارێزگاری لەم نەزمە نایەکسانە. تا ئەو کاتەی قازانج بەسەر ژیاندا و سەرکوت بەسەر مافی خەڵکدا زاڵ بێت، ڕووداوەکانی وەک تەفتان دووبارە دەبنەوە؛ مەگەر ئەوەی خەبات و تێکۆشان لە ئاستی ناڕەزایەتی پەرتەوازەوە پێ بنێتە قۆناغێکی بەرزتر و ببێتە هێزێکی ڕێکخراو بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و ڕیشەیی

❊❊❊



# ژنانی ئەفغانستان لە دژی سەرکوت و لەپێناو خوێندن و کار و ئازادیدا

سەرکوتی خوێناوی کۆبوونەوەی نارەزایەتی ژنان لە ڕۆژی سێشەممە ١٩ی جۆزەردان لە شارۆچکەی جەبرەئیلی ویلایەتی هەراتی ئەفغانستان، جارێکی دیکە ماهییەتی ڕاستەقینەی حکوومەتی تاڵیبانی لە بەرامبەر خەباتی ژنان بۆ مافی ژیان، مافی خوێندن و کارکردن و وەدەستهێنانی ئازادی ئاشکرا کرد. لە پەلاماری هێزەکانی تاڵیبان بۆ سەر ئەم کۆبوونەوە نارەزایەتییە و بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆوە، لانی کەم ژنێک و منداڵێک گیانیان لەدەست دا. ئەم کۆبوونەوەیە وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە نایەکسانی و پێشێلکردنی بەردەوامی مافی ژنان، بەڕێوە چوو. ئەوەی ڕووی دا دەرکەوتەیەکی ئاشکرای ئەو پەیوەندییە بوو کە لە نێوان دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست و جەماوەری چەوساوە، بەتایبەتی ژناندا، بوونی هەیە. هەر لەبەر ئەمەش، دەبێت ئەم سەرکوتە لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئابووری، چینایەتی و ئایدۆلۆژییە زاڵەکانی ئەفغانستانی ئەمڕۆدا هەڵسەنگێنرێت. تاڵیبان پێکهاتەیەکی حکوومەتیی دارشتووە کە تێیدا پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی و کولتووری دارزاوی پیاوسالاری تێکهەڵکێشراون. لە وەها پێکهاتەیەکدا، کۆنترۆڵکردنی جەستە و ژیانی ژنان بەشێکە لە میکانیزمی پاراستن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی باڵادەست. بێبەشکردنی ژنان لە خوێندن، کار و بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی، هەم لە پێگەیەکی پاشکۆیەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەیانهێڵێتەوە و هەم لە هەمان کاتدا بنەماکانی هەژموونی باوک سالاری و پیاوسالاری قایمتر دەکات

ستەمی سەر ژنان لە ئەفغانستان ناکرێت بەدەر لە هەلومەرجی ماددی کۆمەڵگا لێی تێبگەین. دەیان ساڵ شەڕ، داگیرکاری و دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان، ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵاتی دارزاندووە و بەشێکی گەورەی دانیشتووانی بەرەو هەژاری، برسییەتی و ناسەقامگیری پاڵ پێوە ناوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، بوونی هێزێکی کاری هەرزان، بێڕێکخراو و کۆنترۆڵکراو، بۆ مانەوەی سیستەمی هەنووکەیی یەکجار گرنگە. سڕینەوەی ژنان لە گۆڕەپانی گشتی و بێبەشکردنیان لە سەرەتاییترین مافە کۆمەڵایەتییەکان، نەک هەر بەشداریکردنی سیاسییان بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵکوو دەیانکات بە بەشێکی بێدەنگ لە پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، نارەزایەتییەکانی هەرات نیشانی دا کە ئەم سیاسەتانە ڕووبەڕووی بەرخۆدانێکی ڕوو لە هەڵکشان بوونەتەوە. هاتنەمەیدانی ژنان بۆ سەر شەقام و هێنانەگۆڕێی داواکاریگەلێکی وەک «خوێندن، کار، ئازادی»، هاوڕێ لەگەڵ پشتیوانیی بەشێک لە پیاوانی یەکسانیخواز، نیشانەی گەڵاڵەبوونی هۆشیارییەکە کە لە سنووری ڕەگەزییەکان تێدەپەڕێت و پوتانسیەلی ئەوەی هەیە ببێتە هاوپشتییەکی کۆمەڵایەتی بەربلاوتر. ئەم داواکارییانە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا مینیمۆم و لانی کەم دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا سێ وەرچەرخانی گرنگن لە کۆمەڵگادا کە پێشڕەویی ژنان لە خەبات بۆ ڕزگاریدا مسۆگەر دەکەن. دەستڕاگەیشتن بە زانست و کار، سەربەخۆیی ئابووری و ئازادی، ئەو تایبەتمەندییانەن کە هەر کامیان بەتەنیا شەرعییەتی سیستەمە کۆنەپەرستە زاڵەکە دەخەنە ژێر پرسیارەوە

پەلاماری دڕندانەی تاڵیبان، لەوانەش تەقەی ڕاستەوخۆ لە خۆپیشاندەران، نیشانی دەدات کە ئەم حکوومەتە داواکارییەکانی لەو جۆرە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بناغەکانی دەسەڵاتی خۆی دەبینێت. دروستبوونی هەر سوژەیەکی سیاسی سەربەخۆ، بەتایبەتی کاتێک ژنان لە چەقی ئەودا بن، دەتوانێت زەمینەی پێکەوەگرێدانی نارەزایەتییە پەرتەوازەکان و پەرەسەندنی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی خۆش بکات. هەر لەبەر ئەمەش، سەرکوتی پێشوەختە بووەتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕەوتە. ئامادەبوونی ئەو پیاوانەشی کە لە تەنیشت ژنانەوە وەستان، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە کۆمەڵگایەکدا کە پەیوەندیگەلی پیاوسالارانە ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان هەیە، تێپەڕین لەم سنوورانە دەتوانێت زەمینەی پێکهاتنی هاوپشتی لە نێوان چینە بندەستەکاندا بڕەخسێنێت. ڕێک لەم خاڵەدایە کە خەباتی ژنان بە خەبات لە دژی چەوساندنەوە و نایەکسانی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دەخوات و ئاسۆیەک فراوانتر لە داخوازی ڕەگەزی نیشان دەدات. سەرەڕای ئەمانەش، نابێت چاوپۆشی لە ئاستەنگەکانی ئێستا بکرێت. گوشاری بەردەوامی سەرکوت، نەبوونی خۆڕێکخستنێکی پایدار، و نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی سیاسی کە ستراتیژێکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، بەربەستی جدیین لە بەردەم پەرەسەندنی ئەم نارەزایەتییانەدا. ئەزموونە مێژووییەکان چەندین جار سەلماندوویانە کە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لە پشتیوانییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بەهرەمەندن، بەبێ ڕێکخراوبوون و پێکەوەگرێدران لەگەڵ بەشەکانی دیکەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان، لە بەرامبەر ماشێنی سەرکوتی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکاندا بێدەرەتان و لاواز دەبن

لە وەها هەلومەرجێکدا، دەوری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، چ لە ناوخۆی ئەفغانستان و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا، گرنگییەکی تایبەت پەیدا دەکات. هاوپشتی و بەرگریکردن لە خەباتی ژنان زەرووڕەتە، بەڵام بەتەنیا بەس نییە. ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر گرنگە، هەوڵدانە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و گرێدان لە نێوان خەباتە پەرتەوازەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی چینایەتی و یارمەتیدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکاری و جەماوەرییەکانە؛ ئەو دامەزراوانەی کە بتوانن ئەم بەرخۆدانانە بکەن بە هێزێکی ڕێکخراو و سەقامگیر. هاوکات، دەبێت سەرنج بدرێتە دەوری زلهێزە ئیمپریالیستییەکان لە پێکهاتنی بارودۆخی ئێستای ئەفغانستاندا. گەڕانەوەی تاڵیبان تەنیا بەرهەمی ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکان نەبوو، بەڵکوو لەسەر بەستێنی دەیان ساڵ دەستێوەردانی دەرەکی و کێبڕکێی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکاندا سەری هەڵدا. ئەگەرچی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا بووە هۆی دارمانی دەوڵەتی پێشوو، بەڵام ئەفغانستان هێشتا هەر لە بازنەی بەرژەوەندییە ژئۆپۆلەتیکییەکانی زلهێزە جیاوازەکاندایە

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، هەر بزووتنەوەیەک بۆ ڕزگاریی ژنان و بەرگریکردن لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیتەی ئەفغانستان، دەبێت لە هەمان کاتدا هەڵوێستێکی شێلگیرانە و یەکلاکەرەوەی لە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا هەبێت. ڕووداوەکەی هەرات وێنەیەکی چڕکراوەیە لە ناکۆکییە قووڵەکانی کۆمەڵگای ئەفغانستان. لە لایەکەوە حکوومەتێک کە هەوڵ دەدات بە پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیای ئایینی و ئامرازەکانی سەرکوت، هەژموونی خۆی بپارێزێت، و لە لایەکی تریشەوە جەماوەرێک کە سەرەڕای پەرتەوازەیی و گوشاری سەرکوت، بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕێن بۆ دەربڕینی داواکارییەکانیان و بەرگریکردن لە مافەکانیان. دەبێت خەباتی ژنانی ئەفغانستان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی جیهانی لە دژی چەوساندنەوە، باڵادەستی و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ستەم سەیر بکرێت. ئەم خەباتە تەنیا لەسەر مافەکانی ژنان نییە، بەڵکوو بۆ کۆتاییهێنانە بە هەموو ئەو ستەم، هەڵاواردن و نایەکسانییانەی کە بەسەر خەڵکی ستەمدیتەی ئەفغانستاندا سەپێندراون. هەر گولەیەک کە ئاراستەی ژنانی نارازی دەکرێت، هەوڵێکە بۆ کپکردنی دەنگێک کە دەتوانێت ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی و گشتگیر. بەڵام ئەزموونی مێژوو نیشانی داوە کە دەنگی لەم شێوەیە کپ ناکرێن. لەوانەیە سەرکوت بکرێن، پاشەکشەیان پێ بکرێت یان بۆ ماوەیەک لە گۆڕەپانی گشتی وەلا بنرێن، بەڵام تا ئەو کاتەی ڕەگ و ڕیشەکانی ستەم و نایەکسانی مابن، جارێکی تر و لە شێوازێکی نوێ و بە هێزێکی زیاترەوە سەرهەڵدەدەنەوە. ئەفغانستانی ئێستا یەکێک لەو ساتەوەختە مێژووییانەیە؛ ساتەوەختێک کە تێیدا ململانێی نێوان هەژموونی تاڵیبان و خەبات بۆ ڕزگاری، لە ئارادایە

❊❊❊



# منداڵانی کار لەژێر مەترسی توندوتیژی و نائەمنیدا

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، لانی کەم سێ ملیۆن منداڵ لە بازنەی خوێندن دابڕاون و بەپێی ئەو ئامارانەی لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاو کراونەتەوە، ژمارەی منداڵانی کار لە ئێراندا لە نێوان یەک ملیۆن و شەشسەد هەزار تا دوو ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت. لە باسکردنی دیاردەی منداڵانی کاردا، هەندێک لە لێدوانەکان کاری منداڵ وەک «یارمەتیدانی خێزان» یان «پێداویستیی ژیان» ئاسایی دەکەنەوە. ئەم لێدوانانە، بە فەرامۆشکردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کاری منداڵ تا ئاستی هەڵبژاردنێک یان دۆخێکی سروشتی بچووک دەکەنەوە. لە کاتێکدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، منداڵ نەک لەسەر بنەمای هەڵبژاردن، بەڵکوو لەژێر زەبری بارودۆخی ژیاندا دەخرێتە ناو بازاڕی کارەوە. لە ئابووری نافەرمی ئێراندا، منداڵی کار وەک هێزێکی هەرزان، نەرمونیان و بێبەش لە هەر چەشنە پشتیوانییەکی یاسایی دەچەوسێنرێتەوە. ئەو نە گرێبەستی کاری هەیە، نە بیمە و نە مافی ناڕەزایەتی دەربڕین. ئەم دۆخە منداڵ دەخاتە پێگەیەکەوە کە بە کەمترین تێچوو مل بە هەر جۆرە چەوساندنەوەیەک بدات؛ ئەمەش دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی "بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار" لێک بدرێتەوە

لە بارودۆخێکدا کە تێچووەکانی ژیان یەکجار هەڵکشاون و حەقدەستەکان بەشی بژێوی ناکەن، خێزانە چەوساوەکان ناچار دەبن بەشێک لە باری ئابووری بخەنە سەر شانی منداڵەکانیان. ئەم گواستنەوەیە، بە واتای تێکەڵبوونی پێشوەختەی منداڵە بە بازاڕی کار و پەیوەندییەکانی کار و سەرمایە. بەڵام کێشەکە هەر لێرەدا کۆتایی نایەت. چوونەناو بازاڕی کار لەلایەن منداڵەوە، بەتایبەتی لەسەر شەقامەکان، دەیخاتە ناو تۆڕێک لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە کە تێیدا، مانەوەی منداڵ بوون دراوە بە قبووڵکردنی کۆمەڵێک یاسای نەنووسراو. ئەم یاسایانەش زۆرجار توندوتیژییان لەگەڵدایە. توندوتیژی سێکسی لە زۆربەی ڕاپۆرتەکاندا، لەوانە ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بە منداڵانی کار لە ئێراندا کراون، نەک وەک ڕووداوێکی دەگمەن، بەڵکوو وەک ئەزموونێکی تا ڕادەیەک باو وێنا کراوە. لە هەندێک توێژینەوەدا، ڕێژەیەکی بەرچاو لە منداڵان، بەتایبەت کچان، باس لە ئەزموونی ئازاردانی سێکسی دەکەن. لە زۆر حاڵەتدا، توندوتیژی سێکسی دەبێتە ئامرازێک بۆ سەپاندن و چەسپاندنی دەسەڵات. منداڵی تازەکار، بۆ دەستڕاگەیشتن بە گۆڕەپانی کار، بۆ بەهرەمەندبوون لە کەمترین ئاستی بەناو ئاسایش، یان تەنانەت بۆ ڕێگریکردن لە سڕینەوە و دەرکرانی، دەخرێتە ژێر گوشارەوە تا ملی بە داواکارییە سێکسییەکانی خاوەنکار بدات. کەڵکوەرگرتن لە پێگەی باڵادەست بۆ سەپاندنی پەیوەندییەک کە منداڵ هیچ دەرەتانێکی بۆ ڕەتکردنەوەی نییە، لە هەلومەرجێکدا مسۆگەر دەبێت کە یەکێک لە جەمسەرەکانی پەیوەندییەکە، بێبەشە لە هەر جۆرە ئامرازێکی بەرگری

پێچەوانەی تێگەیشتنی باو، شەقام یان ژینگەی کار تەنها شوێنی ڕوودانی توندوتیژی نین. لە زۆر حاڵەتدا، یەکەمین ئەزموونەکانی توندوتیژی لە ماڵەوە ڕوو دەدەن. توێژینەوەکان لە ئێران دەریدەخەن کە بەشێکی بەرچاو لە منداڵانی کار، پێش هاتنە ناو شەقام و ژینگەکانی کارەوە، ڕووبەڕووی توندوتیژیی خێزانی بوونەتەوە. ئەم پرسە ناتوانرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ماددی خێزانەکان لێک بدرێتەوە. هەژاری، گیرۆدەبوون بە ماددەی هۆشبەر، بێکاری و گوشارە دەروونییەکانی لێکەوتەی ئەمانە، دەتوانن پێکهاتەی خێزان لە ناوەوە هەڵبوەشێننەوە. ئەو منداڵەی لە ماڵەوە هەڵدێت، زۆرجار بەدوای ئارامیدا دەگەڕێت. بەڵام شەقام و ژینگەکانی کار بەهۆی نەبوونی هیچ جۆرە پشتیوانییەکی پێکهاتەییەوە، نەک هەر ئەمنییەت و ئارامی دەستەبەر ناکەن، بەڵکوو منداڵ لە گێژاوێکدا گیرۆدە دەکەن کە تێیدا ماڵ، شەقام و شوێنی کار، هەر سێکیان دەبنە شوێنی نائەمن. بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی کارەساتەکە، دەبێت سەرنج بدەینە ئەزموونی زیندووی منداڵانیش. توندوتیژی سێکسی، بەتایبەتی لە تەمەنی کەمدا، شوێنەوارێکی زۆر قووڵتری لە ژیانی جەستەیی هەیە

لە نێو منداڵانی کاردا، دۆخی منداڵانی کۆچبەر بەتایبەتی منداڵانی ئەفغانستانی پێویستی بە سەرنجی تایبەت هەیە. ئەم منداڵانە سەرباری هەژاری، بەرەوڕووی کێشەی نەبوونی بەڵگەنامەی ناسنامەییشن. بێبەشبوون لە بەڵگەنامە، لە دەستڕاگەیشتن بە زۆرێک لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بێبەشیان دەکات و دەرفەتی بەدواداچوونی حاڵەتەکانی توندوتیژیش بە توندی بەرتەسک دەکاتەوە. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، منداڵی کۆچبەر دەبێتە هێزێکی کار کە تەنانەت لە کەمترین پشتیوانییەکانیش بێبەشە. ئەم دۆخە، دەیخاتە بەردەم چەوساندنەوەیەکی سەختترەوە. ڕاپۆرتە مەیدانییەکان دەریدەخەن کە حاڵەتەکانی توندوتیژیی سێکسی لە نێو ئەم گرووپەدا، بەهۆی بێدەنگیی زۆرەملێوە، کەمتر دەبینرێن. لێرەدا، ستەمی چینایەتی لەگەڵ ستەمی نەتەوەیی و پێگەی مافەوانیدا تێکەڵ دەبن. دەرەنجامەکەی، شێوازێکە لە پەراوێزخران کە تێیدا منداڵ نەک هەر نابینرێت، بەڵکوو لە ڕووی کردەییەوە لە بازنەی «شایەنی بەرگریکردن» دەچێتە دەرەوە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم حەقیقەتە، ئەو شێوازانەی کە تەنها تیشک دەخەنە سەر «کەمکردنەوەی زیان» یان «بەڕێوەبردنی» دۆخەکە، ناتوانن وڵام دەرەوە بن و کەموکوڕییان زۆرە. پەروەردە، ڕاوێژکاری و دەستێوەردانە سنووردارەکان، ئەگەرچی دەتوانن بەشێک لە ئازارەکە کەم بکەنەوە، بەڵام توانای گۆڕینی ئەو هەلومەرجەیان نییە کە ئەم ئازارە بەرهەم دەهێنێت

تا ئەو کاتەی منداڵ ناچار بە کارکردن بێت، هەر لە مەترسی توندوتیژیدا دەمێنێتەوە. هەر بۆیە، هەر جۆرە چارەسەرێکی جدی، دەبێت لە نەفیکردنی کاری منداڵانەوە دەست پێبکات. بەڵام ئەم نەفیکردنە، بەبێ گۆڕانکاری لە هەلومەرجی ماددیدا مەحاڵە. تا ئەو کاتەی هەژاری و نایەکسانی بیداد دەکات و زۆرینەی چەوساوەکان لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژین، خێزانەکان هەر پەنا بۆ کاری منداڵان دەبەن. لە ئەنجامدا، خەبات دژی کاری منداڵان، حەتمەن بە خەباتێکی بەربڵاوتر لە دژی پەیوەندییە چینایەتییە زاڵەکان گرێ دەخوات. ئەمەش بە واتای هێنانەئارای کۆمەڵێک خواست و داواکارییە کە ڕاستەوخۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی کرێکاران و چەوساوەکانی کۆمەڵگا، و دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە و فێرکردنی خۆڕایی و خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەکاتە ئامانج. بەبێ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، هەر هەوڵێک بۆ بنەبڕکردنی کاری منداڵان، مەحکووم بە شکستە. دیاردەی کاری منداڵان و توندوتیژی دژیان، یەکێک لە ڕووتترین و ئاشکراترین نیشانەکانی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا کە تێیدا، بەهای مرۆڤەکان لەسەر بنەمای پێگەی ئابوورییان یان چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ باندە دەسەڵاتدارەکان دیاری دەکرێت. بەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە، پێویستی بە هەنگاوی کردارییە لە سەرووی هاوسۆزییەوە

منداڵان دەبێت منداڵیی خۆیان بکەن. ژیان و خۆشگوزەرانی منداڵان، سەربەخۆ لە دۆخی خێزانی، دەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە مسۆگەر بکرێت. دەوڵەت ئەرکدارە ستانداردێکی یەکگرتوو لە خۆشگوزەرانی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەویی منداڵان و مێرمنداڵان لە بەرزترین ئاستی گونجاودا دەستەبەر بکات. یارمەتییە داراییە پێویستەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خۆڕایی پزیشکی، پەروەردەیی و فەرهەنگی بۆ مسۆگەرکردنی ستانداردی ژیانی منداڵان و مێرمنداڵان، سەربەخۆ لە دۆخی خێزانی، دەبێت دابین بکرێت و پرسی خوێندنی ئیجباری تا تەمەنی ١٦ ساڵی جێبەجێ بکرێت. کاری پیشەیی بۆ منداڵان و مێرمنداڵانی ژێر ١٨ ساڵ دەبێت قەدەغە بکرێت و نابێت ڕێگە بدرێت جەستە و ڕۆحی منداڵان لەژێر باری کاری پیشەییدا تێک بشکێت و بفەوتێت. بەدەستهێنانی وەها خواستگەلێک تەنها دەتوانێت بەرهەمی خەباتی یەکگرتووانە و سەرتاسەریی کرێکاران و بزووتنەوە پێشڕەو و کۆمەڵایەتییەکان بێت

❊❊❊



## شـێعر

### با دونیایەک بنیات بنیین
### کە جوانتر بێ لە هەمیشە

چ شاکارێک دەخوڵقێنن دەستەکانمان!
کاتێک دەستمان
لێک هەڵپێکرێ وتێک بتەنرێ،
چەند بە هێزن!
چەند بە سامن!
چەندە جوانن!
بەرهەم دێنن،
دەخوڵقێنن،
چەند ئاسانیش دەتوانن
نیزامی کۆن بڕووخێنن.

******

دەستەکانمان
دنیایەکی پڕ لە سەروەت دەخوڵقێنن
بەڵام لێومان
تینووی تنۆکە ئاوێکە و
جەستەی هەمیشە ماندوومان
موحتاجی سەرپەنایەکە و
بۆ شەکەتی دەر کردن و
موحتاجی پاروە نانێکە
بۆ نە مردن.
وەرە! وەرە!
با من و تۆ و با هەموومان
دەستەکانمان لێک هەڵپێکین
با هەموومان دەستەکانمان تێک بتەنین
با دونیایەک بنیات بنیین
کە جوانتر بێ لە هەمیشە
با دنیا وا بگرینە دەست
کە بە هەموو گەورەییەوە، چووک بنوێنێ
هێندە بچووک
کە ببیستین دەنگی گەرمی کرێکاری ئافریقایی
کاتێک دەهۆڵ بۆ شادی  سەر کەوتن دەکوتێ.
با دونیایەک بنیات بنیین
کە ئیتر لەو دنیایەدا
چی دی برای کرێکارمان لە بولیوی
گۆرانی خەمناک و بە سۆز
نە چریکێنێ
دەستمان کاتێک
لە نێو دەریای بێ ئەژماری دەستەکانیتر تەنرابێ
ئەو دنیایە چەند بچووکە و
گرتنیشی چەندە ئاسان

**" ناسح مەردوخ  و : "هیوا "**

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٩:٣٠
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ١:٣٠
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٧:٣٠
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٣:٣٠

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوینە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦